## پێرست


پێشەکی........................................................................ 7
"دگردیسی" لە ناڵەی جودایی دا....................................... 9
پێشەکی و ئامانج............................................................. 9
سەرچاوە و ماتریاڵ .......................................................... 10
لێکۆڵینەوەکانی پێشوو ...................................................... 10
وەرگێڕانی ناڵەی جودایی بۆ سویدی.................................. 11
نیهێلیسمی شاعیرانە ........................................................ 17
جیهانی دیۆنیسۆسی......................................................... 19
ئانالیز/ شی کردنەوە........................................................ 21
باڵندەکانی دەم با ............................................................ 54
دوورە دەراوی سوورەچۆم.................................................. 61
دوو پێرسۆناژ لە چەند پێرسۆناژی ڕۆمانەکە ..................... 61
نێوانده‌قی/ Intertextuality لە سازی ناسازدا.................... 64
سازی ناساز، ١٩٧٥ ......................................................... 64
پێشەکی........................................................................ 65
شێعر لە ڕوانگەی Eliot Stearns Thomas.......................... 69
خوێندنەوەیەکی هێرمێنۆتیکی........................................... 72
خوێندنەوەیەکی فەلسەفی................................................. 78
خوێندنەوەیەکی جێندێری سازی ناساز .............................. 80
گۆڕستان لە نووسینی خەبات ڕەسووڵی ............................ 88
شارێکی ون لە نووسینی مریەم قازی................................. 94
تاراوگە لە جیهانی خەیاڵدا ............................................... 94
دوانەی ڕەنج و شادی ...................................................... 100
خوێندنەوەی شێعرێک لە شێعرەکانی ناسر حیسامی........... 100

*پێشەکی*

*سـێیەرەکانی دەق* هەوڵـێکە، لە قەراخ کـار و هەوڵـی بەنرخـی تاکەکـانی دیـکە، بـۆ بە ئاکادێمیـک کردنـی ڕەخـنەی ئەدەبـی دوور لە جەنجـاڵی شەخسـی، سیاسـی و مشـتومڕی نادۆسـتانە. ڕەخـنەی ئەدەبـی، ئۆبجێکتیـڤ و بـابەتی، دەتـوانێ پەنـجەرەیەک بـێ بـۆ تێگەیشـتنی زیـاتر لە دەق و ئاسۆی بەرچاومان بەرینتر بکا.
ئەم شـیکارییانە لە کـات و سـاتی جۆراوجـۆردا نووسـراون و ڕەنـگە لە یەک شـێواز و فۆرمـدا خۆیـان نەبینـنەوە، بەڵام هەوڵ دراوە چەنـد دەقـی ئەدەبـی جیـاواز بە چەنـد تیـۆری و چەمـک لەوان هێرمێنۆتیـک، کـۆرا، نەهێلیسـمی شـاعیرانە و ئینتێرتێکسـتۆالیتی/ بینـامتنی/ نێـواندەقـی شـی کـرێنەوە و چەمـک و تیۆرییەکـان لە چەنـد جـێ دووپـاتە دەبـنەوە. هەروەهـا هەوڵ دراوە کە زۆربەی دەقەکـان لە ڕوانگەیەکـی جێنـدێرییەوە تـاوتوێ بکـرێن. لەو شـوێنە کە دەق هێنـدێک ڕاز بە نەهێنـی دەهێڵێـتەوە، ڕوانـگەی جێنـدێری مەودای وردبـوونەوە لە دەق فراوانتـر دەکـا و هەوڵـێکە بـۆ خوێندنەوەیەکی قووڵتری دەق.
بابەتەکـانی *سـێیەرەکانی دەق* گـاە لە دۆخێکـی یەکجـار سـەختی نەتەوەکەمـان و سـا لە هەلـومەرجێکی نالەبـاری ژیـان لە نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٧ هەتـا ٢٠١٨دا نووسـراون. هێنـدێکیان هەوڵ جـار لە چەنـد مـاڵپەر و گۆڤـاردا بـڵاو کـراونەتەوە، بەڵام ئێسـتا لە دووتـوێی کتێبێکـدا پێشکەشـی خـوێنەران دەکـرێن. هەرچۆنێـک بـێ هیـوادارم خـوێنەرانی ئـازیزی *سـێیەرەکانی دەق* سـەرەڕای کەم و کورتییەکـان هەم لە خوێنـدنەوەی چێـژ وەربگـرن و هەم بە ڕەخـنەی خۆیـان نووسـینەکانی داهـاتووم دەوڵەمەنـد بکەن.

پێویسـتە هەر لێـرەوە سپاس و ڕێـزی تـایبەتی خـۆم بـۆ بـرای ئەدیـب و شـاعیری بە توانـا ڕامـان سـۆفی سـوڵتانی دەربـڕم کە گەورەیـی نوانـد و

*هێمن، دەربارەی بەرهەمەکانی سـیاسـی وکۆمەڵایەتی ئەو*، ٢٠٠١. ئەو تێزە دواتر وەک کتێبێک ساڵی ٢٠٠٣ لە سولێمانی چاپ کراوە. بەداخەوە ئەو تێزە لایەنی ئێستێتیک/جوانناسی شێعرەکان یا شیکارییەکی هێرمێنۆتیکی ناداتە دەست.

عوسمان دەشتی لە پێشەکیدا باس لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکە لە زانکۆی تەورێز دەکا کە تەواو نەکراوە، ئەویش لە لایەن بەڕێز شاعیر سەعید نەجاری بووە کە دواتر دەستنووسەکان دراونەتە عوسمان دەشتی. دیارە دەکرێ شک بکەین، کە بۆ ئاسۆی شاعیر نەیتوانیوە ئەو لێکۆڵینەوەیە لە ئێران بنووسێ. ناوی هێندێک گۆفار و سەرچاوە لە کتێبەکەی بەڕێز دەشتی دا هاتووە کە لە ستۆکۆڵم دەست نەکەوتن.

*هێمن، دەربارەی بەرهەمەکانی سـیاسـی وکۆمەڵایەتی ئەو*، لە سێ بەش پێکهاتووە: بیۆگرافی، لایەنی سیاسی بەرهەمەکانی هێمن و لایەنی کۆمەڵایەتی بەرهەمەکان. هەروەها هێندێک سەرچاوە، نامە و وێنە لە کتێبەکەدا هەن.

بۆ نووسینی ئەم تێزە ڕووم لە زۆر کەس و لایەن و کتێبخانە کرد کە ئەگەر شتێکیان لا هەبێ، بتوانم کەڵکی لێوەربگرم کە بەداخەوە هیچ شتێکم دەست نەکەوت. ئەو نووسینانەش کە لە سەر سایتەکان و یان کتێبەکانی بیرەوەریدا تا ساڵی ٢٠٠٧ سەبارەت بە مامۆستا هێمن هەبوون، لە باسێکی ئەدەبی و شیکردنەوەی تێکستدا خۆیان نابیننەوە. هەر بۆیە لە کارەکەی مندا کەڵکیان لێوەرناگیراوە. کەوایە، تەنیا سەرچاوە بۆ ئەم کارە، خودی *ناڵەی جودایی* چاپی بەغدایە.

وەرگێڕانی *ناڵەی جودایی* بۆ سویدی

Med andra ord (*بە واتایەکی تر*، ١٩٩٨) باسی گیروگرفتی وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبی دەکا. ئایا وەرگێڕان هەمیشە دەست دەدا؟ Lars Kleberg باس لەوە دەکا کە ئەم کارە هەم مومکینە و هەم ناموکین. هەروەها Roman

Jakobsonخاوەنی ئەم بۆچوونەیە کە وەرگێرانی "تجربەهای شـــناختی"[1] هەم مومکینە و هەم نامومکین و دەکرێ وەرگێردرێنە سـەر ئەو زمانانەی کە هەن، گەرچی دەق دەکەوێتە بەر خەتری هێندێک خەسـار. ئەو خەسـارەش لە ڕێگای بە قەرز وەرگرتنی وشە، دووبارەنووسینەوە و تەفسیر دەکرێ چارەسەرکرێ.

Walter Benjamin وەرگێران وەک فۆرمێک باس دەکا و دەڵێ کە ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ دەقی ئەسـڵی(ئۆرجینال تێکسـت). لە وەرگێراندا ناکرێ تەواوی بەشـەکانی دەق ڕابگرین بەڵام دەتوانین ڕێگایەک لە زمانی دووهەمدا بدۆزینەوە کە زایەڵەی دەقی ئەسڵی بەدەست بدا. (*بە واتایەکی تر*. ل. ١٣٥-١٤١)

پڕۆفێسـۆر Bo Utas باس لەوە دەکا کە شـێعری کلاسـیک لەو ڕێگایەوە دەناسینەوە کە دوو مصرع/نیودێرمان هەیە کە هەر کام بناخەیان لە سەر هەشت تا شـازدە بڕگە/ سـیلابە. هەموو وەرگێڕێک دەبێ لە بەرامبەر "ڕیتمی نیودێڕ" کە لە سەر بڕگەی کورت و درێژ دادەمەزرێ، هەڵوێست بگرێ. وەرگێرانێکی

[1] Kognitiv erfarenhet "تجربە شناختی"

erfarenhet تەجرەبە و ئەزموون، kognitiv شناخت

سەرکەوتوو دەبێ لە نێوان ئەمانەتداری بۆ دەقی سەرەکی و ئێفێکت/ کاریگەری زمانی دووەمدا، سازشێکی هونەرمەندانە بکا. (ل. ٨٨)

هەروەک پێشتر ئاماژەکرا *ناڵەی جودایی* شێعرێکە کە لە ژێر کاریگەری *مەسنەوی*دا نووسراوە. هەوەڵ بەیتەکانی *مەسنەوی* بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

بشنو از نی چون حکایت میکند  از جداییها شکایت میکند
کز نیستان تا مرا ببریده‌اند  در نفیرم مردو زن نالیده‌اند
سینه خواهم شرحه شرحه از فراق  تا بگویم شرح درد اشتیاق
هرکسی کو دور ماند از اصل خویش  بازجوید روزگار وصل خویش
/.../

*ناڵەی جودایی* ١٠٩ بەیتە کە هەر نیوە دێڕێکی لە سەر وەزنی فاعلتون، فاعلتون، فاعلت، واتە یازدە بڕگە دانراوە:

Saqiya wabadewe wabadewe
Roo le lay min ke be jami badewe
Moshteri wek min le mixane kamin
Zoorbeyan shadu be kayfu be xamin

لە وتارێک لە ژێر ناوی *ئایا دەتوانین شێعری فارسی وەربگێڕین؟* پرۆفیسوور ئۆتاس باس لەوە دەکا کە هەموو هەوڵێک بۆ وەرگێڕانی تایبەتمەندیەکانی مێلۆدی شێعری فارسی مەحکوم بە شکستە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە وەرگێڕانی *ناڵەی جودایی* بۆ سویدی، لە سەر زایەڵەی دەق و لە ڕێگای قەرزکردنی وشە و دووبارە نووسینەوەی مانا ڕاوەستاوە و زۆر جار موسیقا و ئاهەنگی شێعرەکە لە دەست چووە. هەروەها بەیتەکانی ١٩، ٢٥ و ٩٦ تەرجەمە نەکراون.

نادەقیقترین بەشی کارکە، وەرگێڕانی سەردێرە کە کراوەتە "ناڵەی ڕەهاکراوێک". (*بۆنی هەورەکانی وڵاتی من*، ل. ٦٣) "ناڵەی جودایی" بە "ناڵەی ڕەهاکراوێک" واتە بە ناڵەی کەسێک کە فڕی درابێ و لەخۆ دوور کرابێتەوە، شووبهێندراوە. بەڵام بە بڕوای من، شاعیر ڕەها نەکراوە، بەڵکو شاعیر هەڵی بژاردوە کە بچێتە ئێکسیل/تاراوگە نەک کەسێک ئەوی لە خۆی دوور کردبێتەوە و فڕێیدابێ. هەر بۆیە "ناڵە جودایی"م شیکردۆتەوە. بەڕای من جیاوازی

"ناڵەی جودایی" لە گەڵ "ناڵەی ڕەهاکراوێک"، جیاوازی نێوان "خواســـت" و "نا- خواست" و جیاوازی نێوان "ئیڕادە" و "بێ- ئیرادەی"یە. هەروەها لە باری پێکهاتەی زمانەوە "ناڵەی جودایی" جیاوازە لە گەڵ "ناڵەی ڕەهاکراوێک".

مێتود

*هێرمێنۆتیک* باس لە کردنەوەی تێکست، خوێندنەوەی تێکست و بەرداشت لە تێکست دەکا. خوێندنەوەی دەق دەگەڕێتەوە سەردەمانی کۆن و یونانی باستان و ڕیشـــەی لـە خوێنـدنـەوەی دەقـەکـانی ئینجیـلدایـە و دواتر لـە ڕێگـای ستروکتورالیستەکانەوە بە ئێمە گەیشتووە.

ئوولسۆن، (*تێکستی نەناسراو*، ١٩٩٨) وەک گادامێر لە سەر ئەو باوەرەیە کە وڵامێکی کۆتاییمان بە دەق نییە. گادامێر خوێندنەوەی دەق وەک دیالۆگ دەبینێ. خوێندنەوەی دەق گەرچی وەک بازنەیەکە بەڵام ئێمە تەنیا گۆمانێک دەکەین و پێوەندی و دژایەتی "کل" و "جزء" لە ناو دەق دێنینە بەر ڕۆشنایی.

وەدەســـتهێنانی مانا لە بازنەیەکی هێرمێنۆتیکیدا بە "بازدانی خەیاڵ" دەکرێ. کاتێک ئێمە دەقێک دەخوێنینەوە، هەوڵدەدەین بەرداشتێک هەڵێنجین کە هەرگیز ئەو بەرداشـــتە بە مانای بەرداشـــتی نەهایی و تاکە خوێندنەوە نییە. هەمیشـــە ئیمکانی ئەوە هەیە کە مانای تازە بدۆزینەوە، بەتایبەت کە خوێنەران جیاوازن، پێشـــینەی جیاوازیان هەیە، و بە توانایی کولتووری و یان پێشزێهنییەتێک کە هەیانە، لە خوێندنەوەی دەق دا بەشدارن.

هەروەها *Mimisses* و شێوەی خوێندنەوەی تێکستی ئەدەبی لە لایەن ئێریک ئاورباخ، ســـەرچاوەیەکی ئیلهام بوو بۆ خوێندنەوەی *ناڵەی جودایی*. ئاورباخ

پێشنیار دەکا کە هەمیشە لە "دەق"ـــەوە حەرەکەت بکەین، چونکە دەق دەتوانێ هەموو تیۆرییەکان تێپەڕ بکا.

تیۆری

*ناڵەی جودایی* هەڵگری هێندێک خاڵی دژوازە و دەبێ لە گۆشـەنیگای جیاوازڕا ببیندرێ. بۆیە لە چەندین چەمک بۆ شـیکردنەوەی *ناڵەی جودایی* کەڵک وەردەگرم.

کۆرا، ئابێکشن Chora و abjection

دروسـتبوونی "سـابجێکت"، لە تیۆرییەکانی پسـیکۆئانالیزدا جێگایەکی تایبەتی هەیە. دەروونشیکاری بۆ ئەوە بتوانێ بگاتە هەست و ئەزموونەکانی سابجێکت سەبارەت بە تێکست/ دەق هەڵوێست دەگرێ. خەون بۆ فرۆید، بە مانای ئەوەیە کە بە وێنە بیردەکرێتەوە. ڕەوانی ئینسان، بە گوێرەی فرۆید وەک دەقێکە: بڵاو، پڕ لە دژوازی و ناتەبایی. دواتر کریستێوا تیۆرییەکانی فرۆید دەربارەی هویت/ کەسـایەتی کە لە گەڵ هەم دایک و هەم باب پێناسـە دەکرێت، تایبەتمەندی زمان کە هێترۆژێنە، و هەروەها پێوەندی نێوان "خودئاگا" و "ناخودئاگا"، پێوەندی نێوان خەون و ناوەرۆکی خەون و تیۆرییەکانی ژان لاکان، لە کاری خۆیدا پەرە پێ دەدا تا دەقی ئەدەبی و سابجێکت بێنێتە بەر باس.

بە ڕای لاکان، "خود" کاتێک دروست دەبێ کە دێتە ناو نەزم و سیستمی زمان و کولتوور، بەڵام کریستێوا قامک بۆ ئەوە درێژ دەکا کە دروستبوونی سابجێکت زۆر زووتر، پێش هاتنی منداڵ بۆ ناو سیستمی زمان، دروست دەبێ، واتە پێش قۆناخی ئاوێنەیی، کاتێک منداڵ و دایک پێوەندییەکی Semiotics/ نیشـانەیی‌یان هەیە. کاتێک گەرمای دایک، "نوختەی قەرارداد"ە بۆ منداڵ و دایک و منداڵ یەکن و هێشتا منداڵ خۆی لە دایک جیا نابینێ.

"خودی شـاعیرانە" خودێکی ئاڵۆز و تێکتەنراوە کە لە حاڵی گۆڕان دایە و لە ناو "خواست" و "کمبود"ێک سەردەردێنێ: نادیاری و کەمایەسی ئەشق. زمان بۆ شـاعیر تەنیا "نیشـانە" نییە، بەڵکو استدعا/ بانگەشە/ خواست و "التماس"ێکە بۆ ئەو کەمایەسییە. دەقی شـاعیرانە کە بە "سـاتێکی تایبەتی قەیران" بەستراوەتەوە، و "بالقوە" هەڵگری جەسـتەیەکی دایکانە (سـێمیۆتیک/ ڕەمزی) یە بەرامبەرە لە

گەڵ زمان/ سیستم. هەست، ڕیتم و زایەڵە لە عنصر/ توخمێکی دایکانەوە کە وەک خەتەرێک بۆ زمان دەبیندرێ، سەرچاوەدەگرن. کریستێوا ئەو ئیمکانی دەربڕینە *Chora* ناودەنێ کە تایبەتمەندی ژنانەی هەیە و بە تەواوی ڕەمز و ئەو نەگوتراوانەی نێوان خەتەکانی دەق/ بینامتنی دەگوترێ. *کۆرا* تیۆرێکی سەرەتاییە و لەو جێگایە کە مانا بزر کراوە مانا بەرهەم دێنێ.

کاری شاعیرانە/ هونەرمەندانە، دەبێتە ئیقدام و حەرەکەتێک، لە کاتی مەیل و دڵتەنگی شاعیرانەدا بۆ گەیشتن بە قاڕەی دایک کە سیستمی زمانی لە کەناری تێپەڕ دەبێ. شاعیر لە "ساتی قەیران" دا، لە سنوورەکانی نێوان ڕەمز/ سرووشت و سیستم/ کولتووردا خۆدەبینێتەوە و بەم جۆرە "دیسکورسی مێژوویی" دەق لەقاودەدا. شاعیر، وەک منداڵ کە بۆ وەدەست هێنانی کەسایەتی خۆی لە فازی خۆجیاکردنەوەدا هەوڵ دەدا، بە ئافراندنی هونەری سابجێکتی خۆی دروست دەکا. شاعیر زیاتر لە کەسانی دیکەی کۆمەڵگا، بە نووسینەوەی خۆی، خۆی بە "فاز دوگانگی" پێوەند دەداتەوە، ئەو فازە کە منداڵ هەم دایکی خۆش دەوێ و هەم دەخوازێ خۆی لێ جیا بکاتەوە. لە نەبوونی ئەشق دا، سابجێکت، لە گەرمای دایکانە دەگەڕێ کە سەرچاوەیەکە بۆ خوڵقاندن. سابجێکت لە "پرۆسە/ڕەوەند"دا دروست دەبێ. مەبەستی کریستێوا لە پرۆسە گۆڕان و پێشکەوتنە. هەموو دەقێک، وەرگێڕانی ئەزموونەکانی سابجێکتە، ئەو ئەزموونانە کە لە سەر شانۆ دادندرێن و ساختاری هەم زمان و هەم ڕەوان دەگۆڕن. "ناخودئاگا" بناخەی دەقی ئەدەبییە. دەقی ئەدەبی، کارێکی بە مانایە کە ئەزموونە هەستییەکانی سابجێکت خۆیان لە ڕەوەندێکدا نیشان دەدەن.

*abjection* بەشێکی گرینگی دیکە لە تیۆرییەکانی جولیا کریستێوا دەگرێتە خۆ. ئابێکشون(بە سویدیabjektion) بە مانای فڕێدان و لەخۆ دوور کردنەوەیە. ئەو چەمکە باس لە پێشکەوتن دەکا واتە سابجێکت کاتێک دروست دەبێ کە خۆی لە جەستەی دایک جیا دەکاتەوە، ئەو کات کە منداڵ شەیدای جەستەی دایکە و هاوکات لێشی بێزارە. کاتێک زمان دێتە ناو دنیای منداڵ و دەستی باڵا دەگرێ، "کۆرا" وەپشت گوێ دەخسترێ. "خواست" لە "خود" دوور دەبێتەوە و خود دەکەوێتە ئەزمە. ئابێکشون بە ڕای کریستێوا، سەرچاوەیەکی تاریک و ڕەمزاوییە، و لە پرۆسەیەکدا منداڵ خۆی وەک سابجێکت دەبێنێ و خۆی لە

سەرچاوە و ڕیشە جیا دەکاتەوە. کریستێوا دەڵێ کە ئابێکشون دەتوانێ دەست بۆ قەتڵ بەرێ. ئابێکشـــون، ڕێئاکشـــن/ کاردانەوەیەکی بە زەبروزەنگە، ترســـە، هەستێکە کە منداڵ لە دایک جیا دەکاتەوە. ئابێکشون کە لە هەموو کولتوورەکانی جیهاندا بەدی دەکرێ و "ئەزمەیەکی نارســـیســـتی"یە بەڵام لە هەمان کاتدا هەلومەرجێک دەخولقێنێ کە هەست وەرگێڕدرێتە سەر نیشانە و زمان. زمان جەســـتەیەک دروســـت دەکا کە ئەزموون و خەمۆکی ســـابجێکت خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئەگینا شـــاعیر دەکەوێتە ناو دۆنیای مەرگ. زمان کەســـایەتی دەدا بە ئینسان و ئێمکانی زیندوو مانەوە دروست دەکا.

نێهێلیسمی شاعیرانە

نێهێلیسم، بۆشـایی و خەونێکە کە لەوێندێرێ "خود" تەنیا یاسـایە. لەو بەتاڵییەدا، ژیان تەنیا ورشـەیەکە، دنیایەک کە لە پشـت ئەو هیچ شـتێک وجودی نییە. لەو جیهانەدا، هونەر، با دەقیقتر بڵێین شـــێعر، شـــوێنێکی تایبەت دەدا بە گەڕانی بێکۆتایی ئینســـان. "خودی هونەرمەند"، زیاتر لە هەمووان، خۆ لە ڕەها/مطلق نزیک دەکاتەوە. نێهێلیسم، سەروژێرکراوی "ایدەآلیسم مطلق"ە کە ئینسان دەکاتە "بوونەوەرێکی ڕەها"، جۆرە خودایەک. بەڵام چۆن "میرا" و "نەمر" لە یەکتر گرێ دەدرێن؟ ئەوە تەنیا لە ڕێگای فانتێزی/خەیاڵ دەکرێ کە تەعبیر لە ئازادی ڕەها و گەڕانی ئینسانە بۆ تێپەڕ کردنی سنوورەکانی مێتافیزیک و سرووشت. تەنیا لە ڕێگای زمان و شـێعر دەکرێ "مطلق" خۆی نیشـــان بدا و "خداگونگی" تەنیا لە ناو شێعردا دروست دەبێ.

Jean Paul ئاڵمانی چەمکی"نێهێلیسـمی شـاعیرانە"ی لە سـەرەتای ۱۸۰۰ هێنا کایە. "هیچ" ڕۆڵێکی تەوەرەیی لە نێهێلیسمی شاعیرانە دا هەیە. ئاندێش ئوولسۆن سـرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشـێ کە لە سـەردەمی ڕۆمانتیکدا جۆرێک لە ئایین هاتە کایەوە کە شێعر جێگای تیۆلۆگی دەگرێتەوە و شـاعیر لە سـاتی ئەزمە دا و لە ڕێگای خولقاندن، حەقانییەت دەدا بە خۆی واتە مشـــروع کردنی خود.

نیهێلیسمی شاعیرانە دیاردەیەکە کە لە سەراسەری مێژووە، لە سۆفۆکلۆسڕا هەتا تۆلستۆی، دەبیندرێ و چەمکێکی بەربلاو و بەرینە.

Wants/ خواست، ویست

بەرای شـــۆپێنهاوێر(١٧٨٨-١٨٦٠) "ویســـت" ئەو هێزەیە کە هەموو جیهان بـەرەو پێش دەبـا. هـەموو جیهـان ئۆبجێکتێکـە بۆ ســـابجێکـت، واتـە "مفهوم/ برداشت" ێک. کتێبی *جیهان وەک ویست و مفهوم*[2] باسی تەجرەبەکردنی جیهان دەکا. لەم جیهانەدا، ویست حاکمە و سابجێکت لە ڕێگای "مفهوم و برداشت"ەوە دروسـت دەبێ. ویسـت لای شـۆپێنهاوێر، وەک "ئیدە"ی ئەفلاتوونە و یەکسـانە لەگەڵ چەمکی "شـیء در خود"ی کانت. ویست لە لای شۆپێنهاوێر بەو مانایەیە کە خوایەک حاکمی جیهان نییە بەڵکو "خواست و ویستێکی کوێر"، دەسەڵاتی لە دەســـت گرتووە. چـەمکی "ئیدە"ی ئـەفلاتون و "برهمـان"ی هینـدوئیســـم، کـە جەوهەرێکی ئەزەلی و ئەبەدین، لە ناو چەمکی "ویســـت" دا هەن. ویســـت "مەزنێکی مطلق/ ڕەها" نییە بەڵکو هەمیشە لە گواستنەوە[3] دایە. شۆپێنهاوێر پێی وایە کە ئینسـان کۆیلەی "ویسـت"ە و "ویسـت"یش لە خۆیدا هیچ ئامانجێکی نییە، بەڵام هەڵوێسـتی مێتافیزیکی شـۆپێنهاوێر کە ژیان وەک "ڕەنج" دەبینێ، بەدوای دینێکی تازەدا ناگەڕێ بەڵکو فەلســـەفەی شـۆپێنهاوێر گەڕانە بە دوای حەقیقەت لەوپەڕی ڕەمز و میتۆلۆگی‌یەکان. ویسـت بێ پشـوو دەگەڕێ و وەک "پرنسـیپ تکامل" دەبیندرێ، کە ئەوەش "ویست بۆ ژیان"ە. ئینسـان لە ڕێگای "ویسـت"ەوە "بوون"ی هەیە. ویســـت، دەبێتە "ذات" و جەوهەر. هەموو ویســـتێک لە نیاز و

---

2 *Världen som vilja och föreställning*, Schopenhauer.

3 Transcendens

جۆراوجۆر، بـه ڕادەی جیـاواز"  بخوێنـدرێتـەوە کـە ئەو ئیمکـانە بـە دەنگی شاعیرانە دەدا کە لە سەر مێژوو شاهیدی بدا.

پێشـــتر گوترا کە *ناڵەی جودایی* چاولێکەری لە مەســـنەوی/*مثنوی* مەولوی‌یە. "صـوفیسـم" لە سـەدەی۹۰۰ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت سـەری هەڵدا و بوو بە لقێک لە "عرفان". لە لای سۆفییەکان تەسەوف ڕێگایەکی ڕوحییە بۆ پێشکەوتن. بۆ سۆفی‌یەکان ژیان "کل"ێکە کە ئامانجی یەکگرتنە لە گەڵ خوا.  بە گوێ گرتن لە "دڵ"  ئینسان بەرەو "خود"ی سەرتر دەڕوا. هەر ئینسانێک وەک نوێنەرێکی بێ‌وێنەیە بۆ "خداگونگی"، بۆیە ئینسـان لە ناخی خۆیدا بە دوای خوا و حەقیقەتدا دەگەڕێ. "خود" هەوڵ دەدا کە  بگاتە خوا و خۆی تێدا بتوێنێتەوە. گرینگترین ڕێگاکانیش بۆ ئەو ئامانجە "ذکر" و "خەڵوەت"ن.  ســـەما و موســـیقاش لەو پرۆسەیەدا ڕۆڵی خۆیان هەیە و ئینسان دەبێتە ئالقەیەک بۆ گەیشتن بە خوا.

شـایانی باســـە باس بکرێ کە لە نێوان "صـوفیسـم" و عرفان/ *mysticism* دا جیاوازی هەیە. "میســتیســیزم" زۆر گشــتی‌ترە لە تەســەوف و لە ناو هەموو کولتوورەکانی جیهان‌دا دەبیندرێ. لە جیهانی عیرفانیدا، "کل" گرینگترین خاڵە و عیرفان زیاتر بۆچوونێکی فەلسەفییە، بەڵام سوفیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە ژێر کاریگەری ئیسـلام بووە و تەنیا ڕێگایەکی ڕوحی نییە بۆ گەیشـتن بە حەق، بەڵکو بۆتە بەشـــێک لە دین و لق و پۆی جیاوازی لێ‌بۆتەوە کە بە "تەریقەت" ناسـراون. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا تەسـەوف زۆر جار تێکەڵاوی دەسـەڵاتی سیاسی بووە و کەوتۆتە بەر ڕەخنەی ڕووناکبیران.

هاوکات لە ڕۆژئاوا چەند فۆڕمی عیرفان دەبیندرێ. ئاندێش ئۆلسۆن باس لە دوو جۆر عیرفان دەکا:  ئەرێنی/پۆزێتیڤ کە "خداگونگی" لـە چەمکی ئینســـانی‌دا

شــــەرح دەکا و جۆرێکیتریش کە نێگاتیڤە و خوا وەک شـــتێکی دوور و بێگانە دەبینێ کە خۆی بە ئینسان نیشان نادا.[5]

تەســەوف بە باش و خەراپ لە ســەر شـێعری کوردی کاردانەوەی بووە. بەڕێز مارف خەزنەدار باس لەو کاردانەوەیە دەکا:

"کارکردنی ســۆفیزمی کوزمۆســی بە گشــتی و ســۆفیزمی ئیســلامی بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردیدا لە سێ شێوەدا دەبینرێ،/.../ ١. شیعری سۆفیزم (عیرفانی) /.../ ٢. شیعری وەسفی سۆفیزم/.../ ٣. شیعری دژی دەروێشیزم."[6]

هێمن کە لە بنەماڵەیەکی شێخ و ئایینی لە دایک بووە، زۆر جار سۆفیگەرێتی و ئەو کەســانەی کە لە دین و باوەڕی خەڵک بە خراپ کەڵک وەردەگرن، دێنێتە ژێر ڕەخنە. هێمن بەردەوام لە شێعرەکانیدا لە نێوان شک و دیندا دەژی. هێمن لە ســـیمبۆل و ڕەمزەکانی ئیلاهی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام زۆر جار دین دێنێتە بەر ڕەخنە. *ناڵەی جودایی* لە چەند خاڵدا خۆ لە مەسنەوی جیا دەکاتەوە:

لە *ناڵەی جودایی* دا "خود"ێک دێتە کایە کە لە نێوان دین و بێدینیدا دێت و دەچێ. بۆ سۆفیەکان توانەوە لە خوا دا ئامانجە، کەچی بۆ هێمن توانەوە لە خاکی نیشتماندا ئاواتە. لە *ناڵەی جودایی* دا وشــە دەبێتە جۆرێک لە ذکر/نیایش بۆ ئەو وڵاتەی کە شــاعیر لێی دوورە. شـێعری *ناڵەی جودایی* بە ڕوو کردن لە ســاقی دەستپێدەکا:

ساقییا! وابادەوە، وابادەو
ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شادو بەکیفـو بێخەمن
مەی حەرامە بۆ سەهەندەو بێخەمان
مەستی بێ خەم بۆچی بگرن یەخەمان؟ (ل. ١٢)

شــاعیر لە *ناڵەی جودایی* دا بە وشــەکانی خۆی، دەســەڵات دەگرێتە دەســت و یاســـای تازە دادەنێ: شـــەڕاب بۆ ئەو کەســـانە کە بێخەمن و ڕەنجیان نەدیوە،

---

[5] Anders Olsson, *Intet*.

[6] *مێژووی ئەدەبی کوردی*. کتێبی ٣، ل. ٢٩.

بابەتێکە کە لە زۆربەی شـــێعرەکانی هێمندا دەبیندرێ. هەڵگرتنی وڵات بە گەرمی لە ناو دڵدا تێمێکی زۆر بەرچاوە لە شێعری هێمندا:

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لە کاتی پێکەنینا
لە کۆڕی ماتم و گریان و شینا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە (دیوانی هێمن، ل. ١١٠)

لە کۆپلەکانی دواتردا، چەند دێڕ/بەیت لە *مەسنەوی*، چەند میتۆلۆگی و فیگوری ناسراوی تراژێدی لە ئەدەبی کوردیدا دێنە ناو دەق:

جا کە سەرخۆشبووم بە دەنگێکی نەوی
بۆتدەڵێم ئەو شێعرە بەرزەی (مەولەوی):
"بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند" (ل. ١٨)

کارتێکەری زمان و شـــێعری مەولەوی ئاشـــکرایە. لەو بەیتە کە لە هەوەڵی *مەسـنەویدا* هاتووە، "نەی" ڕۆڵێکی بەرچاو دەگرێتە ئەسـتۆ تا گوزارشـت لە دەرد و ڕەنجی جودایی شاعیر بکا:

بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدائیها شکایت میکند
تا مرا از نیستان ببریدەاند
از نفیرم مردو زن نالیدەاند

هەموو پەژارەی شـاعیر لە ڕێگای "نەی"ەوە کە لە "نیسـتان" و وڵاتی خۆی دابڕاوە، ڕەوایەت دەکرێ. "نەی" ئامێرێکی کۆنە کە لە قامیش دروست دەکرێ. شاعیر لە هەناسە و ڕوحی خۆی دەژەنێتە ناو نەی. نەی وەک پێنووسیش بەکار دێ و لە جەوهەر هەڵدەکێشـرێت و کاتێک جەوهەرەکە هەڵدەمژێ ، پێی دەنووسـرێت. کەواتە لێرەدا نەی هەم ئامێرە و هەم پێنووس. هەم دەنووسـێ و هەم دەژەنێ. لێرە نەی لە هەردوو حاڵەتدا، خەمێک هەڵدەمژێ و دووبارە دەری دەداتەوە. بە ناڵەی نەی و نووسینی نەی، خەمێک باسدەکرێ کە دەردی جودایی و عەشـق و خۆکوتانە بۆ یەکگرتنەوە. ئەو خەمە، خەمی ئینسـانە بە گشـتی و

ساقی دەکا تا بتوانێ لەگەڵ خەمی خۆی بسازێ و "خود" ڕەها بکا و لە ناو شک و گۆماندا باوەڕ بە ژیان و بوون بکاتەوە:

وا وەرە، دەی وا وەرە، نێزیک بە لێم
بمدەیە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:
"مست مستم ساقیا دستم بگیر
تا نیفتادم زپا دستم بگیر"! (١) (ل.١٧-١٨)

لە کۆپلەی حەوتەمدا چەند ناوی مێژوویی، ژن و پیاو، دێنە ناو دەق. ئەو ناوانە کێن و چ کاریگەریەکیان لەناو دەقدا هەیە؟ هەوەڵ با ناوەکان جارێکیتر بنووسینەوە: بەکرە شۆفار کە بوو بە هۆی مەرگی مەم و زین لە تراژێدی مەم و زین[8]، مەم و زین، قەرەتاژدین، چەکۆ و عەرفۆ (یارانی مەم)، لاس و خەزاڵ، خانزاد (سەرۆک خێڵ و خوشکی خەزاڵ لە تراژێدی لاس و خەزاڵ)، شەم و شەمزین، خەج و سیامەند، برایم و پەریخان و وەلی دێوانە کە شێعری بۆ خۆشەویستەکەی خۆی شەم کووتوە:

کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک (مەمێ)
(یایەزین) لە کوێیە هاواری کەمێ!
وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەڵاڵ
کوانێ عێل و کوانێ (خانزاد) و (خەزاڵ)؟!
زور لە مێژە نارەناری منی نەبیست
هەرومکو (شەمزین)، (شەمیلە)ی خۆشئەویست(ل. ٢٠-٢١)

---

[8] *مەم و زین* چیرۆکێکی لە مێژینەی فۆلکلۆرییە کە ئەحمەدی خانی دووبارە نووسیویێتیەوە. کاتێک خانی *مەم و زین*ی دەنووسی پرۆسەی دەوڵەت- نەتەوە لە ئورووپا لە ئارادابوو و زۆر وڵات دروست کران. ئەحمەد خانی کوڕی ئەلیاس لە ساڵی ١٦٥٠ لە شاری بایزیدی ناوچەی بۆتانی باکووری کوردستان لەدایکبووە. شاری بایزید مزگەوتی گەورەی تێدابوو. خانی دواتر دەچێتە شوێنیتر بۆ دەرسخوێندن. هێندێک لە توێژەرەکان پێیانوایە کە خانی وێنەی ناسیۆنالیستێکی کوردە. *مەم و زین، نەوبەهارا بچووکان و عەقیدا ئیمانێ* لە بەرهەمەکانی خانین. خانی ساڵی ١٧٠٧ کۆچی دوایی کرد. مارف خەزنەدار، *مێژووی ئەدەبی کوردی*، ٢٠٠٢، ل. ٣٠٧-٣٠٨.

ئەو پێنج بەیتە لە بەیتە بەناوبانگەکانی فۆلکلۆری کوردی و تراژێدین. هەموو ئەو تراژێدیانە باس لە ئەشـــق، زوڵمی دەســـەڵاتداران، خەیانەت و جودایی دەکەن.[9] ئەو ژنانەی کە ناویان لەو بەیتانەدا هاتووە، ژنانێکی ئازا و نەترسن کە لە ڕێگای ئەشق، لە بەرامبەر نۆرمدا ڕاوەستاون و خۆیان خستۆتە ناو خەباتێکی نابەرامبەر. شـــاعیر ئەو ناوانە دێنێتە ناو دەق تا نیشـــان بدا کە ژیانی ئەو بەردەوامی تەقدیری قارەمانەکانی ئەو تراژێدیانەیە کە یا چوونە تاراوگە و یا "مەرگ"یان هەڵبژارد. شـاعیر لە ناو خوێنی خۆیدا نوقمە، لە ڕیشـەی خۆی دوور کەوتۆتەوە و جەرگی لەت لەتە. شـــاعیر ئارەزوو دەکا کە ئەو ژنە ئازایانە بێن و نەجاتی بدەن و گۆرانی بۆ بڵێن. هەمووومان دەزانین کە پێهەڵگوتن بە کەسێکی کە کەوتۆتە غەریبی و یان شەهید بووە، بەشێکە لە داب و نەریتی تایبەتی کولتوورەکان بەتایبەت لە ناو ژناندا کە وەک سێرمۆنی ئەنجام دەدرێ.

وێنەی ژن لە دنیای شـــاعیرانەی هێمندا، لە هەوڵ شـــێعرەکانەوە تا دوایین شێعرەکان، گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. وێنەی ژن لە شێعرەکانی دواساڵانی تەمەنی مامۆستا هێمن دا بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو پۆزێتیڤە و لە شێعرەکانی خۆیدا داواکاری یەکســـانی کچ و کوڕە و ئارەزوو دەکا کە کار و چالاکی ژنان بەشێکی گرینگ بێ بۆ دروست کردنی وڵاتێک کە لە وێنەدێری دو توخمی ژن و پیاو یەکســـانن. هێمن لە زۆر شـــێعردا ڕەخنە لە جێگە و پێگە و دۆخی ژێردەستەیی ژنان دەگرێ.

ڕەنگە پێویست بێ ئاماژە بکەم کە من پێشتر دەمەویست شێعرێکیتری مامۆستا هێمن *سووری دەوران*، ١٩٧٨، هەڵبژێرم (تا کاتی نووسینی ئەم تێزە، جگە لە *ناڵەی جودایی* هیچ شێعرێکی دیکە نەکرابووە سویدی) و چاو لە دوو چەمکی

---

[9] *توحفەی موزەفەرییە*، ئۆسکار مان. هێمن ١٩٧٥. ئۆسـکار مان شـەش چیروک و نۆزدە سـروود کە زۆربەیان تراژێدین بە لاتین کۆکردۆتەوە و سـاڵی ١٩٠٥ پێشـەکی ئەو کتێبەی بە ئاڵمانی نووسیوە. مامۆستا هێمن ئەو کتێبەی ساخکردۆتەوە و هێناوێتی سەر ڕێنووسی کوردی. ئەو ناوانە کە لە *ناڵەی جودایی* دا هاتوون، لە *توحفەی مظفری* لە بەیتەکاندا هەن.

زەبروزەنگی چێشـــتووە و لە هەوارگەی خەیاڵیدا شـــوێن و ڕۆڵێکی ئەرێنی بۆ "ئەو کەســە" نابینێتەوە. لە خەیاڵی شــاعیردا هەروەک جیهانی واقیع، ئەو کەســە ســـیمبۆلی وێرانی و تاوانە. لە خەیاڵی ئینســـانی کورددا، "ئەو کەســـە" لەگەڵ زەبروزەنگ پێناســـە دەکرێ. دیکتاتۆرگەلێک کە بوونەتە هۆی چوونە مەنفای خەڵک و ناهێڵن خەڵک ژیانێکی ئاســودە و ئاســایی بژین و بتوانن لە باوەشـــی خۆشــەویســتەکەیاندا ســەما بکەن. لەو وڵاتەدا، شــاعیر قارەمانێکە کە بەدوای "حەقیقەت"دا دەگەڕێ و بەختەوەر نییە. هەر بۆیە هەموو ئاواتەکانی شـــاعیر و حەقیقەتی بوون لە ناو خەیاڵدا کۆ دەبێتەوە و شـاعیر تاونباران دەسـتنیشـان دەکا و خۆی لە بەرامبەریان دادەنێ:

بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کارییە
بێخەمێک بیخواتەوە، زۆردارییە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕ بێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بەرزە دەماخ؟ (ل. ١٢)

"ئەو کەســە" هەروەها دەشــێ لەو کەسـانە بن کە خەیانەت بە خاک و نیشـتمان دەکەن، ئەو کەســـانەی کە بەخاتری پارە، دەســـەڵات یان نەجاتی گیانی خۆیان دەکارن دژ بە خەڵکی خۆیان هەڵگەڕێنەوە. ئەوانەی کە وا نیشـاندەدەن کە هیچ گرفتێک لە کۆمەڵگادا نییە و دنیا ئەمن و ئەمانە و لە خەباتدا بەشداری ناکەن.

دەقـە جۆراوجۆرەکـان، بـەڕای کریســـتێوا، دەتوانن نـاوی تیپی جۆراوجۆری "abject" بن. کریســـتێوا بـاس لەوەدەکا کە ئابێکت جیاوازە لەگەڵ ئۆبجێکت. ئابێکشــون هەسـتێکی فیزیکی و ڕوحیی بێزکردنە کە تووڕ دەدرێ. ئابێکشــون تایبەتمەندی ئۆبجێکتی هەیە و لە دژی "خود" دەوێســتێ. ئینســان بوونەوەرێکی ڕوحی و بیرمەندە کە ئابێکشونەکان دەناسێتەوە. کریستێوا پێی وایە کە ئابێکشون بناخەی کولتووری "خود"ە و وەک ســنوورچی/مرزبان عەمەڵ دەکا. ئینســـان ئابێکشونەکان ڕەمزی دەکا و ئابێکت نیشانەی خواست و "کمبود"ێکە کە بەهۆی جودایی دروستدەبێ.

ئەو بێزاریە قووڵە لە "ئەو کەســە" ســەرەتای لەدایکبوونی "خود"ە. "ئەو کەســە" ناکامڵی و زەعفێک، جۆرێک لە ناپاکی هەیە کە "خود" لە بەرامبەریدا نەش و نەما دەکا. لە کێبڕکێی بەینی شـــاعیر کە بە بەســـتێنی ڕەنجدا تێپەڕیوە و پاک

بۆتەوە و "ئەو کەســـە" کە ناپاکە، خولْقاندن و نووســـین ئیمکانی ئەوە بە "خود" دەدا کە دووبارە هەســتێتەوە، ببێتەوە و ســەرئەنجام لە پرۆســەی "دگردیســی"دا دووبارە لەدایک بێتەوە. لە ئاخرین بەیتی کۆپلەی ســـێهەمدا ئاخرین وشـــەکان سەبارەت بە "ئەو کەسە" دەگوترێ:

ئەو کەسە جێگای لە مەیخانێ نی‌یە
ئەو کەسە بادەو شەڕابی بۆ چی‌یە؟! (ل. ١٥)

و لە کۆپلەی چوارەمدا "ئەو کەسە" کە لە گەڵ "خود" هەڵدەسێنگێندرا ون دەبێ و ئینجا شاعیر ڕاستەوخۆ باسی بوونی خۆی و ڕەنجەکانی خۆیمان بۆدەکا:

/.../
مەی حەلالە بۆ منی وێرانە- ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەو و ڕووت و ڕەجاڵ
/.../
لێو بە باری، دەردەداری، ڕەنجەڕۆ
شاعیری جوانی پەرستی دڵ بە سۆ...(ل. ١٥-١٦)

خزم و کەس، خوشک و برا، یاران و خۆشەویستەکەی شاعیر، لە ناو *نالەی جودایی*دا لە سیستیمی زماندا بە وشە جێگای خۆیان دەکەنەوە و ناو دەبردرێن، بەڵام لە هیچ شوێنێکی ئەو شێعرە بالابڵندەدا ناو یان وشەی "دایک" نایەت. بۆ؟ بە بڕوای من بە پێی تیۆری کریستێوا خودێکی نارسیستییانە "دایک" وەپشت گوێ دەخا و "زمان" جێگای ئەو دەگرێتەوە چونکە "کەمایەسی/کمبودی" دایک هێندە بە قووڵی هەست پێدەکرێ کە "خود" بۆ ئەوەکە بە سەر ئەو ترسەدا زاڵ بێ، بە بەکارهێنانی زمان و وشە دەخوازێ ئەو بۆشاییە پڕ کاتەوە:

دێم ببینم نیشتمان‌و زێدەکەم
دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم
دێم و دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ
دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ
دێم گراویی خۆم لە باوەش وەرگرم
دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم(ل. ٢٣-٢٤)

بەڵام ســـەرەڕای نەبوونی وشـــەی دایک لە دەقدا، لە شـــێعری *نالەی جودایی*دا، ڕیتمێکی وەها دایکانە هەیە کە نابێ خۆمانی لێ ببوێرین و لە دەســـتی دەرکەین. ئەوە لە ئاخری شـــێعرەکەدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. لە هەوەڵدا ئەو "ڕیتمە

یەک بوون. هەر ئەو جۆرە کە زەردەشت دەڵێ "بەختەوەری ژنێکە"، بەختەوەری وڵاتە، وڵاتی دایک. شاعیر باسی ئەم پرۆسە سروشتییە دەکا:

کۆششی من زۆر بە جێیە و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە، وا:
"هر کسی کو دور ماند از اصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش (ل. ٢٢)

"دگردیسی"

(Nietzsche) نیچە ساڵی ١٨٨٢ دەنووسێ:

"ئەوە پێویستییەکە: ئینسان کاتێک لە گەڵ خۆی بە ڕەزایەت دەگا- بە جۆرێک لە جۆرەکان بە نوسین یان هونەر؛ ئینجا لەبنەڕەتدا دەکرێ ئینسان قابیلی تەحمووڵ بێ!"

*ناڵەی جودایی* بەوە دەست پێدەکا کە شاعیر بە "نەدا"یەک سرنجی ساقی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و ڕەوایەتی ئەوەی بۆ دەکا کە جیاوازی لە نێوان ئەو و مشترییەکانی دیکەدا هەیە:

ساقییا! وا با دەوە، وا با دەوە
ڕوو لە لای من کە بە جامی بادەوە
موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شاد و بەکەیف و بێخەمن (ل. ١٢)

شاعیر ڕوو لە ساقی باسی گرفتەکانی ژیان و ئەزموونەکانی خۆی دەکا کە ئاسەواری قووڵیان لە سەر ڕوحی داناوە. شاعیری خەمگین داوای شەڕاب دەکا بەڵام باڵادەستی و ئۆتۆریتەی زمان لە هەوەڵەوە بەرچاوە. لە هەوەڵ بەیتەوە کە شاعیر بە ساقی دەڵێ "وابادەوە"، سابجێکتێک دروست دەبێ کە خۆی وەک کەسێکی تایبەت دەنرخێنێ: "موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن". شاعیر هەست بە ڕەزایەتێکی نارسیستی دەکا تا خۆی لە سەروی ئەوانەیتر کە دێنە مەیخانە دابنێ و یاسا لە دەست بگرێ. شاعیر وەک سابجێکتێکی تایبەت ئەویتر - ئەو کەسە- پێناسە دەکا و تایبەتمەندیەکانی دەبژێرێ؛ شاد و بێخەم، ڕازی و بەکەیف. شاعیر لە ڕادە و پلەی باری "ئەو کەسە" کەم دەکا تا زۆری ڕەنجی

هەموو ســــاتەکانی بێداری و خەون لە دیالێکتیکدا دژ بە خۆیانن واتە "خود" لە ڕەوەندی سوان و وێرانیدا خۆی دەبینێتەوە.[12]

لە هەوەڵەوە تا کۆپلەی هەشـــتەم، "نەفیکردنی خود" لە ڕێتۆریکی شـــێعرەکەدا حاکمە. "خود" کە وەک "ئەویتر" نییە و دڵێکی خەمباری هەیە، بە شـــێوەیەکی وێرانگەر زۆر و زۆرتر داوای شەراب دەکا بۆ ئەوە بچێتە ناو دنیای خەون.

بە پێی مارتین هایدگر[13] دەکرێ لایەنی جیاواز و دژوازی خود وەک "خود" بەرامبەرە لە گەڵ "خود" ببینین: خود لە هەوەڵەوە "یەک"ە بەڵام دواتر خۆی دابەش دەکا. کەســـایەتی و "بوون" تێکەڵاون واتە هەموو بیر، هەســـت و بوون لێک گرێ دراوە. "ئا بەرامبەری ئا" لەیەک کاتدا جیاوازی و لێکچوون لە خۆیدا هەڵدەگرێ. ســـابجێکت کە خۆی دەکاتە ئۆبجێکت، لە ڕاســـتیدا عینی یەک و خودی خۆیەتی.

*ناڵەی جودایی* ڕیتمێکی وەها ئێگۆئیســـتی/ خۆخوازانەی تێدایە کە ســـابجێکت دەبێتە هۆی ئەوە کە پاڕادۆکس و ناتەبایی بێتە ئارا. شـــاعیر بێئەوە کە لە قەزاوەتەکانی خوێنەر بترســێ، دەست دەکا بە سەرزەنش کردنی ساقی، بەڵام زۆر زوو لە بیری دەچێتەوە کە ساقی تاوانبار بە سەرشۆڕ کردن لە بەرامبەر زێر و زیو و دەوڵەمەندان کردووە و خۆی/ شـــاعیر وەک هونەرمەندی وەفادار ناســـاندوە. ئەو ناتەباییە کە ســـاقی ســـەرزەنش دەکا و هاوکات بە دوای مطلق/ ڕەها دا دەگەڕێ، دەبێتە هۆی پرۆســـەیەک کە "خواســـت"ی شـــاعیر بە دوای

[12] *Aiolos*, Nr.26-26, ”Mannen av smak och sönderslitningens dialektik”, s. 15- 16.

[13] Martin Heidegger, *Konstens ursprung* (2001), s. 85.

یەکگرتنەوە لە گەڵ خود و سەرچاوەدا بگەڕێ. خود، بوونەوەرێک کە فەنا دەبێ، بەدوای نەمری/جاودانگی دا دەگەڕێ.
ناتەبایی دەتوانێ چۆنێتی بەرهەمهێنانی وشە نیشان بدا. بە بۆچوونی کیرکێگارد ئینسان نابێ ناتەبایی بە شتێکی خەراپ دابنێ، ناتەبایی ڕەنجی بیرمەندە و بیرمەندێک بە بێ ناتەبایی وەک ئاشقێکە بە بێ ڕەنج.[14]
ناتەبایی هەروەها لەوەدا خۆی نیشان دەدا کە سابجێکت کە ڕەنج دەکێشێ و دەناڵێنێ، هاوکات ئاشقی هۆی ڕەنجی خۆیەتی واتە وڵات و خەڵکێک کە شاعیر مەجبوور بووە بە جێیان بهێڵێ. خود وەک "سابجێکتێکی مێژوویی" دەست لە گەڕان بەدوای "مطلقیت" هەڵناگرێ و لەو پرۆسەیەدا ئینسان دروست دەبێ. ئینسان سەنتێزێکە لە نەمری/جاودانگی و مەرگ/فەنا. *ناڵەی جودایی* خۆ لە سات و زەمان دەر دەکا و شاعیر دەبێتە سابجێکتێکی مێژوویی، بەرهەمێکی تێکتەنراو لە ئێستێتیک و ئێتیک؛ هونەرێک لە ئینسان و "خواست"ی ئەو.
چەند مۆتیف، پێوەندی نێوان جیهانی ستەمکاری دەرەوە و شاعیر کە لەو جیهانەدا دەژی، ڕەنجی شاعیر و تەنیایی ئەو بە هۆی تاراوگەوە، نرخی جوانی بۆ هونەر و نووسین کە ئینسان ڕەها دەکا، شێعرەکە بەرە و پێش دەبەن. لە دیالۆگی نێوان شاعیر و ساقیدا، شاعیر باس لە ڕەنجەکانی خۆی و خەڵکی کورد دەکا. وشەکان کۆتاییان نایەت و هاوکات کە "خود" دەچێتە ناو هیپنۆسێک، دروستبوونی "خود"ێکیتر سەر هەڵدەدا. ئەو پرۆسەیە بەو مانایەیە کە : من مەستم، من هەم. خود کە لە خەلسەدایە، بەرەو ڕووی خود و جیهانی دەرەوە دەبێتەوە. "خودێکی ترانسسێندنت" واتە خودێکی ڕاگوێزەر ئەوە هەڵدەبژێرێ کە هەوڵ بڕواتە ناو خەلسە و دواتر بە هوشیاری و ژیری بگەڕێتەوە. لە هەوڵی

[14] Olsson, *Läsningar av Intet* (2000). fotnot *12*, s. 107- 108. ur, a, a., s. 80.

ئەو ڕاگواستنەوە/انتقال دا، شاعیر ڕەخنە لە ئەگەری خەیانەت دەگرێ کە هونەر لە گەڵ دەسەڵات و زێر بگۆڕدرێتەوە:

تۆش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟
چاوی تۆشی هەڵفریواند زێر و زیو؟
تۆش دەگۆڕیەوە دەگەڵ گەوەر هونەر؟
کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر؟
زێر بەڵایە، بێوەفایە دەوڵەمەند
هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند
قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست!
جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست (ل.١٧)

ماڵپەرســـت و نەزان توانایی ئەوەیان نییە کە قەدری **"حەقیقەت"** بگرن. تەنیا هونەرمەند، خردمند/ ژیرێکی ڕەنجەڕۆ نرخی جوانی دەزانێ. شـاعیر سـاقی لە خەتەرەکان ئاگادار دەکاتەوە:

نامەچۆ، جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!
تۆ فریوی زێرو زیوی وان مەخۆ!(ل.١٧)

ژیری، زانســت، ئەزموونی ژیان و ئەو ڕەنجە کە شــاعیر دیوێتی، شــوێنێکی تایبەت بە شـــاعیر دەدا: پۆزیشـــنێکی هەڵبژێردارو. ڕەنج و بیر ســـەروەت و ســـامانی شـــاعیرن کە لە ناو زماندا خۆ دەنوێنن. جوانی کە لەخۆیدا هەڵگری حەقیقەتە، ناکرێ لە گەڵ زێر و زیو بگۆڕدرێتەوە. هونەر و جوانی لە هەوەڵەوە هەن. هونەرمەند ئەو بوون و حەقیقەتە بە زمانی هونەری دەنووســێتەوە. زمان تەنیا وشـــە، ڕســـتە و دەربڕین نییە کە پەیامێک بگەێنێ، بەڵکو زمان ناو دەداتە بوون واتە بوون بە ناوەوە مانا پەیدا دەکا.

شـــاعیر دەچێتە ناو دنیای زمان، چونکە هەموو شـــتێکی لە دنیای واقعیدا لە دەســـت داوە. بـەختـەوەری بۆ شـــاعیر کـاتێکـە کـە بـەر هـەمێـک خولْقـاوە و ئەزموونەکانی ژیان کراونەتە نیشـــانە. شـــێعر زمانە و زمان پێشفەرزێکی شـێعرە. شـێعر و هونەر بوونێک ئاشـکرا دەکەن. ئەوە بەرئەنجامی هاوکاری هونـەرمـەنـد و هونـەرە. کاتێـک حـەقیقـەت لـە بـەرهـەمدا خۆ دەردەخا، هونـەرمـەنـد بوونێکی مێژوویی نیشان دەدا. شاعیر/ هونەرمەند مێژووی گەلێک دەنووسێتەوە

که دەبێتە هونەر. چونکە هونەر لە خۆیدا لە هەوەڵەوە هەیە، هونەر و هونەمەند بوونێکی مێژوویی پەیدا دەکەن.

لە کۆپلەی یەکەم تا کۆپلەی هەشتەم ڕەنج و خەمێک کە دەردەبڕدرێت قەوارەی لە ڕەنجێکی ڕۆژانە گەورەترە و خود پڕ دەکا. ئەو خودە کێیە؟ ئەو خودە دەتوانێ دوو گرووپ بگرێتە خۆی: تاکێک کە خەبات دەکا و دەکەوێتە مەنفا، و کۆ/ کۆلێکتیڤ کە ڕەنجێکی مێژووییان دیوە و شـــاعیر بۆتە دەنگی ئەو کۆیە و باسی ڕەنج و ماڵوێرانی ئەوان دەکا. ئەوە خەمێکی ئاسایی نییە کە تاکی لەخۆیدا ون کردبێ، بەڵکو خەمێکی مێژوویی و مەزنە:

ئەو کەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمان

ئەو کەسەی "زیڕەی نەگەییە ئاسمان"(١) (ل. ١٣)

ئەو ئازار و دەردە هاوکات بە شـــێوەیەکی ناتەبا، "خود" دەوڵەمەند دەکا: ئەو ڕوحە کە لە بن بەرداشـــی زەماندا هاڕاوە دەخوازێ مەســـت بێ تا بگاتە کامڵبوون. شاعیر بە فازێکی پڕ لە ناتەبایی دا دەڕوا. لە ڕاستیدا لایەنی لاواز و بەهێزی خود عەینی یەکن و لە جوڵەی ڕەوان و هەستەکانی شاعیردا تێکهاڵاوی و دژایەتی هەیە، بەڵام هەر دوو لایەن لە یەک ســـەرچاوەن. لە هەوڵ ســـاتەوە خود بەدوای خۆدۆزینەوە دایە ســـەرەڕای ئەوە کە خۆی پڕش‌وبڵاو دەبینێ. "خود" دەبێ هەوەڵ "خۆ"ی لە "خۆ"ی جیا کاتەوە و دواتر یەک بگرێتەوە. سابجێکت لە پرۆسەی ڕەهاییدا هاوتوخمە لە گەڵ ئۆبجێکت واتە ئا بەرامبەری ئا:

ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە

ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە (ل. ٢٢)

لە لایەک کە خود سەرمەست دەبێ، لە لایەکیترەوە ئەو فورسەتە دەداتە خۆی کە خۆی پاک کاتەوە و لەگەڵ خۆی و ســـەرچاوە یەک بگرێتەوە. هاوکات کە "خود" خۆی نەفی‌دەکا، "خود"ی لەدەســـتچوو بەهێز دەبێ. خودی لەدەســـتچوو، دەخوازێ کە بەســـەر هەل و مەرجەکەدا زاڵ بێ تا "خود"ێکی تازە لەدایک بێ. بەم شـێوەیە شـێعرەکە دەبێتە پۆرترە/ وێنەیەک لە خود، تاقیکردنەوەێک لە سـەر خود کە خوی دەکاتە ئۆبجێکتی خۆی بە دوو باڵی لێک جیاواز بەڵام هاوکات لێکچوو لە پرۆسەی "دگردیسی"دا، کە لەو پرۆسەیەدا خودی شاعیر لە شەڕ و

دژایەتی لەگەڵ خۆیەتی. خود وەک پردێک دەبێتە هۆی ئەوە کە بەردەوام بخوازێ بەسەر خۆیدا زاڵ بێ و لە گەڵ خۆی بە هێمنی بگا. ویستێک دەبێ بگاتە ئەنجام، بەرئەنجامی هێز و بێهێزی، "خواست"ێکی حاکم.
"سەرکەوتن بەسەر خود" دەبێتە هۆی ئەوە کە خود بە "تعالی" بگا. لە ڕێگای مەستی "خود" خۆی دەخاتە ژێر دەسەڵات و دەبێتە پردێک بۆ گواستنەوە، بۆ ئەوە کە لە دڕامای ناخی خویدا ئەو هێزە پەیدا بکا کە خودی لەدەستچوو و شکاو بکاتە ئینسانێکی نوێ: ئینسانی واڵا/ ابرانسان و خەم ببێتە شادی. چاڵاوی قووڵی جودایی دەبێتە هۆی ئەوە کە شاعیر ئەو بۆشائییە کە بە هۆی مەنفاوە پێکهاتووە بە وشە پڕ کاتەوە. شێواوی دەبێتە جێگایەک بۆ نەزم. دێوەزمەی شێواوی لەو شەڕدا دەبەزێ و خود دووبارە لە دایک دەبێتەوە و ئارامی دەگەڕێتەوە و خود سەردەکەوێ:

دێو دەشکێنم لەوێ جامی شەڕاب
ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەراب
دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی
هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی (ل. ٢٤)

تەنیای شاعیر، خەون و خواستی ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە "خود" ببێتە کاناڵێک کە وشەکان لەوێندەرێ تێپەڕبن. هەلوومەرجی سەختی ژیانی شاعیر و خەمۆکی کە ئەوی بێهێز کردووە، دەبێتە هۆی ئەوە کە خود دەست بە نووسین بکا و بخوڵقێنێ. ئەو شتانە کە بوونەتە هۆی دووری شاعیر لە ئازیزان و یاران، دەبنە هەوێنی شێعر و وشە دەبێتە هۆی نەجاتی خودی لەدەستچوو. هەموو ئەزموونەکان دەبنە ڕەوایەتێکیتر لە ژیان. ڕابردوو وەک بەشێک لە ئێستا کە شاعیر خەرێکە تێیدا دەنووسێ، دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ خوڵقاندنێکیتر و بەمجۆرە شاعیر بەسەر خەمۆکی خۆیدا زاڵ دەبێ. دەقی تازە، کە بناخەکەی لەسەر ڕابردوویە، بۆ ئەوە نییە کە دووبارە ڕابردوو تەجرەبە بکرێتەوە بەڵکو

بۆ ئەوەیە کە بەسەریدا زاڵ بێ و لە خەبات و شەڕی کۆتاییدا "خود" بکاتە باڵادەست و سەرکەوتوو:

گەر دەناڵێنم، ئەمن پەککەوتە نیم
تێدەکۆشم بۆ وەسڵ تاکوو دەژێم
کۆششی من زۆر بەجێیە و زۆر ڕەوا
چونکە قانوونی تەبیعەت وایە وا (ل. ٢٢)

*ناڵەی جودایی* لە ترادیسیۆنێکی دیۆنیسۆسی پەیڕەوی دەکا واتە لە شێواویدا (مەستی) حەقیقەت دەدۆزینەوە. لە جیهانی دیۆنیسۆسی‌دا، دوو جەمسەر/قطب هەیە: ئاپۆلۆ و دیۆنیسۆس. ئەو دووە کە یەکێکیان نوێنەری شێواوی و ئەوی‌تر نوێنەری نەزمە، لە دژایەتی لەگەڵ یەکتر و هاوکات تەواوکەری یەکترن. ئەو دووە لە دەقێکی شاعیرانەدا دژ بەیەک، بەڵام هاوکار و هاوتەریب کار دەکەن. هاوکاری ئەو دووانە، وەک منداڵ دروست کردنە کە پێویستی بە هەر دووک توخم هەیە. سابجێکت لە کێبڕکێکی جوانناسی لە نێوان ئەو دوویە لەناو دەق‌دا دروست‌دەبێ.

لە زۆربەی زۆری شێعرەکانی مامۆستا هێمن‌دا، "خود" لە بۆشایی، تەنیایی و وێرانی‌ڕا دەگاتە یەکگرتن و گشت: خاڵی وەرسووڕان/نقطە عطف و وەرچەرخان لە لای "خواست" کە دەبێتە هۆی ئەوە کە چاڵی جودایی ببێتە هۆی خوڵقاندن. شاعیر وەک ئینسانێکی جیهانی دیۆنیسۆسی، ڕوویەکانی جیاوازی ژیانی دیووە، هەم دەنگ و هەم وەحشەتەکانی. هێزی ڕەهاکەری هونەر، ناتەواوییەکان تەواو دەکا و دەبێتە دەنگێک بۆ "خواست" کاتێک کە خود دەخوازێ خۆی لە ڕەنج و دەرد ڕزگار بکا. خواستێک، بیری پڕ لە تەنیایی و خەم ڕێبەری دەکا بۆ ئەوە کە خود لە گەڵ وڵاتی دایک، هەر نەبێ لە شێعر و خەیاڵ دا، یەک بگرنەوە. خود کە لەشەڕ لەگەڵ خۆیەتی، بەردەوام دەبێ لە شەڕ دژی خۆی. لە ئاخری شێعرەکە، خودێک لە ناو خودی شکاوی شاعیردا سەر هەڵدەدا، ئینسانێک کە ئامادەی فڕینە و فشەی بە مەرگ دێ و گاڵتەی پێ دەکا: "واڵا ئینسان". ئینسان، ئاڵقەیەک لە نێوان حەیوان و واڵائینسانە، شتێک کە دەبێ بەسەریدا زاڵ بی. ئینسان هاوکات هەم هۆی فەنا و هەم جادەی پێشکەوتنی خۆیەتی. خودی ئینسانی واڵا وەک دەنگێکی خوڵقێنەر و بەزێنەری سنوورەکان،

لە پرۆسـەیەکدا دروسـت دەبێ. "خود" هەوڵ دەچێتە دەرەوەی خۆی و دواتر دەگەڕێتەوە لای خۆی. ئینجا لە دەوری خوی سـوور دەخوا تا خۆی دووبارە وەدەست بێنێتەوە. سەرئەنجام دەگەڕێتەوە ناو و لای خۆی. لەم پڕۆسەیەدا خود "دگردیسی" دەکا: هەوەڵ خود بە بارێکی گرانەوە، واتە "خواست"ێک ئیزن دەدا کە شـێتایەتی بگەشـێتەوە تا بگاتە "خرد" و لوتکە بەرزەکان. خود دەچێتە فازێکیتر بۆ ئەوە کە ئازادی وەدەست بێنێ و ببێتە سەروەری خۆی. خود کە لە گەڵ خۆی لەشـەڕ دایە، دەبێ بەسـەر ئازادی خۆیدا زاڵ بێ و ببێتەوە "منداڵ". بۆ منداڵ؟ چونکە منداڵ بێگوناحە. منداڵ دەتوانێ ئیزن بدا کە خوا تێیدا وەسـەما کەوێ و خود بفرێ.
پرۆسەی ڕەنج دەبێتە هۆی "دگردیسی خود" لە "هیچ"ـەوە بۆ "هەموو شتێک".
منداڵ/ شـاعیر ئێسـتا دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پاکی خۆی و بە ژیان "بەڵێ" بڵێ.
مەرگ ئیتر خەتەرێک بۆ ژیان نییە بەڵکو ڕوویتری ژیانە. ئینسـان لە هیچەوە دێت و سـاتێک دەژی و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ هیچ. ئینسـان نابێ لە مەرگ بترسـێ. ژیان، دیاردەیەکی شـوێنی- سـاتی سـنووردار، دەبێ بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە.
هەنووکە ڕوحێکی پڕ لە خواست و دڵتەنگی گۆرانی خۆی چڕیوە. شاعیر هەم خودی خۆی و هەم بەرهەمی خۆی ئازاد کردووە. ئێستا دوای سەفەرێکی پڕ لە ڕەنج، هەم بیر و ڕەوان و هەم جەستە لە فازێکی ئاسودە و ئاشتی دان. خودێکی والا بە سـەر خۆیدا زاڵ بووە و دەیکاتە ئینسـانێکی نوێ. ئینسـانێکی بە ڕواڵەت بچووک، بەرەو مەرگ دەڕوا. سـەرئەنجامێکی مەزن و شـاهانە لە بەرامبەر بیرێکی ئاسایی ڕۆژانەدا سەبارەت بە "مەرگ" ڕادەوەستێ و ترس لە مەرگ دەشـکێ. ڕوح لەگەڵ دەروونی خۆی یەک دەگرێتەوە، دەقێک دەخۆڵقێ و لەم پڕۆسـەیەدا یەکگرتنە و "وحدت"ێک ڕوو دەدا. خود لە گەڵ "هسـتی" و سـەرچاوەی خۆی یەک دەگرێتەوە، واتە لە گەڵ کۆرا و "هیچ" دەبێتەوە یەک و ڕوح گۆرانی دەڵێ، گۆرانییەک زەردەشـت (نیچە) گوتەنی وەها "کە تەواوی دەریاکان بێدەنگ گوێ بگرنە دڵتەنگی و مەیلت."
بۆ گەلێکی چەوساوە، شاعیر دەبێتە وێنەیەک کە بە خەبات و ئافراندن، بەشێک لە وجوود و بوونی خۆی دەداتە خوێنەر. هەنووکە، دوای سـەفەرێکی دوور و

درێژ، شـــاعیر ســـەرکەوتوانە دەگەڕێتەوە ناو خاک، بۆ لای دایک و توانایی ئەوەی هەیە کە "ئازاد بۆ مەرگ و ئازاد لە مەرگ" بێ. خود دوای ژیانێکی پڕ لە خەبات، چ دژ بە "خود" و چ دژ بە "دەسـەڵات" دەبێتە واڵائینسـان کە مەرگ دژ بە ژیان نابینێ بەڵکو وەک بەشێک لە ژیان چاوی لێ دەکا:

دێم هەتا هەمبێ بڕستو بیرو هۆش
گەر گلاشم، کوردەواری‌و ئیوە خۆش! (ل. ٢٤)

بەر ئەنجام

شی کردنەوەی دوو چەمکی "نێوان‌دەق/ بینامتنی" و "دگردیسی" تێمای سەرەکی و خوێندنەوەیەکی فەلسەفی- جێندێری *ناڵەی جودایی* مەبەستی ئەم تێزە بووە. *ناڵەی جودایی* لە لایەن پرۆفێسـۆر ئۆتاس و فەرهاد شـاکەلی لە سـاڵی ١٩٩١ کراواتە سـویدی و لە کۆمەڵە شـێعری *بۆنی هەورەکانی وڵاتی من* لە سـتۆکۆڵم چاپکراوە. کەم و کورتی لە وەرگێڕانەکەدا هەیە، بەڵام بە گشـتی هەوڵ دراوە تا بە قەرزکردنی وشە و دووبارە نووسینەوە زایەڵەی ڕوحی شێعرەکە بگەێندرێت، گەرچی بە گشـتی ڕیتمی شـێعرەکە نەتواندراوە بپارێزدرێت کە ئەوەش بە هۆی سەختی وەرگێڕانی شێعری کلاسیکی کوردی و فارسی بۆ زمانەکانی دیکەیە.
مێتودی خوێندنەوەی *ناڵەی جودایی* بە شێوەی سروشتیە، واتە یەکەم هەستەکان کە بە خوێندنـەوەی دەق لـە لای خوێنـەر پەیدا دەبێ چمان پێدەڵێ. ئەم مێتودە لـە دەقەوە حەرەکەت دەکا، بەڵام بیروڕای ئوولسـۆن کە پێی وایە دەق هەمیشـــە تا ڕادەیەک نەناسراو دەمێنێتەوە، کاریگەری لە سەر خوێندنەوەی من بووە.
شـێعرەکانی هێمن لە دنیای ئاکادێمیدا تەنیا یەک لێکۆڵینەوەیان لە ســەرکراوە(تا سـاڵی ٢٠٠٧) کە ئەویش کاری عوسـمان دەشـتی بە ناوی *هێمن، بەرهەمەکانی سـیاسـی و کۆمەڵایەتی ئەو* ٢٠٠١، لە زانکۆی هەولێرە کە لە ژێر دەسـتی پرۆفێسۆرمارف خەزنەدار نووسراوە.
هێمن لە شـێعرەکانی خۆیدا بەردەوام لە نێوان ئیمان و شـک لە هاتووچۆ دایە. لە *ناڵەی جودایی*دا وشـە دەبێتە جۆرێک لە "ذکر" و سـتایش بۆ وڵاتێک کە شـاعیر جێی‌هێشتووە. *ناڵەی جودایی* بە دیالۆگێک لە گەڵ ساقی دەست پێ دەکا کە دەبێتە هۆی لەدایک بوونی ســابجێکت. خودی دەردەدار، "خواســت"ی گەیشــتن بە "سـەرچاوە، وڵات و دایک"ی لە سـەر دایە. "خوایەتی" لە "خودی شـاعیرانەدا"

دا ڕەنگ دەداتەوە و خود یاسا لە دەست دەگرێ و مەی بۆ بێخەمان حەرام و بۆ "دەردەداران" حەڵاڵ دەکا. ئەو یاسایە دژی ئیسلامە کە بە گشتی مەی حەرام دەکا. ئەو ئیزنە ڕیشەی لە ڕوانگەی عیرفانی دایە کە لەودا شەڕاب و مەستی حەرام نییە و شاعیر وەک ڕێگایەکە بۆ گەڕانەوە بۆ ناخی خۆی دەیبینێ.

لە کۆپلەی حەوتەمدا، ناوی چەند ژن و پیاوی ئۆستوورەیی و ئەدەبی کوردی دێنە ناو دەق. ئەو ژنانە (شەم، خانزاد، خەزاڵ، خەج) ژنانێکی ناودار و وەفادارن کە بۆ ئەشق نەهامەتییان بینیوە و گیانیان داناوە.

هێمن خۆی وەک شاعیرێکی دیکەی کورد، وەلی دێوانە، پێناسە دەکا. وەلی دێوانە بە هۆی ئەشقی خۆی بە شەم، کچێک لە چینی ئەشراف، شێت و شەیدا دەبێ. هێمن ژیانی خۆی وەک تناسخ/ دونادون و زایەڵەیەک لە ژیانی دێوانە دەبینێ؛ یەک سەربردە بۆ دوو ئینسانی دەردەدار کە نەبوونی گەرمای ژن/ دایک دەیانخاتە خەمۆکی. بەڵام هێمن لە چوارچێوەکانی تراژێدیدا نامێنێتەوە و لە تاریکترین ساتەکاندا خودێکی شۆڕشگێر/باڵندە هەڵدەستێتەوە و باڵ دەگرێ.

لە بەیتەکانی هەوەڵەوە تا کۆپلەی چوارەم، خودی عەوداڵ خۆی لە بەرامبەر "ئەو کەسەی کە بێخەمە" دادەنێ و ئەو لە پلەی خوارتر دەبینێ. ئەو دژایەتی و جیاوازییە دەبێتە هۆی ئەوە کە خودی دەردەداری شاعیر دووبارە بە شێوەیەکی نوێ لەدایک بێ. لە پرۆسەی "دگریسی"دا، دوو لایەنی خود لە گەڵ یەک لە دژایەتی دەکەون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو دوو لایەنە لە یەک سەرچاوەن. "نەفیکردنی خود" کە لە چەند کۆپلەی هەوەڵدا دەبیندرێت، بە هۆی "خواست"ێک، دواتر جێگای خۆی دەداتە ئینسانێکی نوێ کە لە پرۆسەی "دگردیسی"دا دەبیتە "والائینسان" و لە مەرگ ناترسێ. ئینسان لە هیچەوە دەێ و ساتێک دەژی و بەرەو هیچ دەگەڕێتەوە.

لە هیچ دێڕێکی *ناڵەی جودایی*دا، وشەی "دایک" نەهاتووە. خود لە هەوەڵ ساتدا دایک وەپشت گوێ دەخا و لە ڕێگای زمان و بە ناوی ژنانی دیکە جێگای پڕ دەکاتەوە، بەڵام سەرئەنجام ڕیتمی شێعر و خواستی گەیشتن بە گەرمای دایک، زمان دێنێتە ژێر ڕکێفی خۆی و لە ئاخر بەیتەکان، خود دەگاتە ڕەهایی و ئازادییەک کە ئامادەیە بگەڕێتەوە ناو باوەشی وڵات/ دایک. ئیتر مەرگ کارەساتێکی سامناک و دژبە هارمۆنی نییە بەڵکو بەشێکە لە ژیان و خود

یـان بـه وتـه‌ی نووســـــەر "هـەڵچوونێکی ئـافرەتـانـه لـه ســـــەرەتـای ئـازادی و سەربەخۆییدا". (ل. ٦٨)

مار نەبوو کە فریوی دایت

سێوە لاسوورە و ئیشتیای گەنم و

داری تێگەیشتن هەمووی بەهانە بوون.

مار نەبوو کە فریوی دایت

من بووم

من بووم ویستم تۆ دابەزیت

من بووم ویستم تاوان بکەیت

تاوان بکەیت و تۆبە بکەیت

تاوان، تۆبە

تاوان، تۆبە

حەوا تۆبە لە تاوانەکەی خۆی ناکات. (ل. ٦٩)

ئەوە کە نووسەر نەهایی چ دەخوازێ ، ئایا دەخوازی واقیعەکانی کۆمەڵگە نیشان بدا و یان خۆیشی وەک زۆربەی ئێمە هێشتا لە هەوڵی ڕێیە بۆ خۆ درباز کردن لە نۆرمەکانی پیاوســـالاری، پرســـیاریکی ئاوالایە. هەر کەســـێک دەتوانێ خوێندنەوەیەکی لەو ڕۆمانە هەبێ. ئەوەی کە گرینگە ڕەوانی ئینسان دەقێکە بڵاو و پڕ لـە دژوازی و نـاتـەبـایی. شـــاعیر/ هونەرمەند لـە هـەموو کـەس زیـاتر لـە نـەبوونـی ئـازادی و ئـەشـــقدا دەشـــێوێ و لـە گـەرمای دایکانـە/ ژن دەگـەڕێ کـه سەرچاوەیەکە بۆ خولْقاندن و لە ساتی قەیراندا، شاعیر/ نووسەر لە سنوورەکانی

به دایکی کەریم دەڵێ کە ئەو منداڵەی لە زگی دایە سەرەخۆرەیە. ئەو کات باب و براکەی دایکی کەریم چووبوونە حەج و لە ڕێگای گەڕانەوەدا کۆچ دەکەن.
کەریم کە لە ئاسنگەری باوکی کار دەکا، جارجار گوێی لێ دەبێ کە بابی و ڕەفیقەکانی باسی شۆڕشی ئەودیو و مەلا مستەفا بارزانی دەکەن و مامی کەریم لەگەڵ سەرۆکە. ورده ورده خۆشەویستیی مەلا مستەفا لە دڵیدا دروست دەبێ. ڕۆژێک کەریم بەرەو شاخەکان کە سەرۆک لەوێیە، ڕێ دەکەوێ.

**زمانی دووره دەراوی سوورەچۆم**

زمانی ڕۆمان زمانێکی پاراوە، و ڕستەکان ڕەوانن. نووسەر لە ڕێگای زمانێکی ڕوون نەترسانە باسی هەست و کردارەکان دەکا.

**داستان و کارەکتەرەکان**

نووسەر بە فراوانی چۆتە ناو قووڵایی خەڵک، بۆ وێنە قارەمانەکانی تەنیا هێندێک "ڕووناکبیر" نین و گەورە و منداڵی دێ و شاری، بە گشتی لە هەموو چینەکانی کوردەواری لەناو ڕۆمانەکەدا دەژین.
عەشقێکی قووڵ و درێژخایەن، تۆ بڵێ چۆن با وەک شریتی کاسێتێک بیپچڕێنێ، ئەوها بە دەست "تەقدیری ژیان" لە جیهانی واقعدا لێک پچڕاوە، بەڵام ئەو ئەوینە لە دڵی دوو ئاشقدا بەردەوام دەبێ.
بەسەرهاتی هێندێک لە قارەمانەکانی ڕۆمانەکە وەک هەموو ژیانی کوردی تێکەڵاوی سیاسەت دەبێ (گەرچی دەکرا وا نەبێ) بەڵام لە ڕاستیدا نووسەر هەموو ئێلێمێنتەکان بەکار دێنێ تا باسی بەشێک لە مێژووی کوردی بکا، کارێک کە لە ئێستای خەباتی کورددا ناکرێ خۆی لێببوێری.
هاتنی نووسەر بۆ ناو دەق و بازدان لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو و گەڕانەوەی، زیرەکانە ئەنجام دەدرێ و هەر چۆن سۆفی و کاوەیس خەریکی کایەن، زمان، قارەمان و ڕووداوەکان هەمان کایە بە باشی دەبەنە پێش. هاوکات بەکارهێنانی هێندێک ناوی بیانی و مێژوویی بە شێوەیەکی سروشتی دێنە ناو چیرۆک، بۆ وێنە ناوی "نیوتۆن" لە ناو ڕۆمانەکەدا بە باشی جێگای خۆی کردۆتەوە.

چەند تێبینی

دەکرا ڕۆمانی *دووره دەراوی سوورەچۆم* زۆر "منسجم"تر با و لە هێندێک شوێن لە بیرەوەری دوور کەوتباوە. خۆزگە یەک دوو فەسڵی کۆتایی لەگەڵ نەبان و پێویست نەبوو ڕاستەوخۆ دەقەکانی فارسی و نووسەرەکان بێنە ناو *دووره دەراوی سوورەچۆم*.

ئەگەرچی هەموو دەقەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر یەک هەبێ و کاریگەری زمان و ئەدەبی فارسیش لەسەر ئەدەبی کوردی زۆرە، پێویست نەبوو ناوی دەیان شاعیر، نووسەر و نیگارکێش و هتد بێتە ناو چیرۆک تا ڕادەی جوانی شتەکان نیشان بدرێ. زمان، کایە بە کات، شوێن و ڕووداوەکان خۆیان دەیانتوانی هەروا سەرنجڕاکێش بمێننەوە کە هەن.

وێنە و ئۆلگوی دایک

هەر ئەو جۆرە کە خودی نووسەری بەڕێز ئاماژە دەکا ڕەنگە سەیر بێ هێندێک لە دایکان ئاوا دڵڕەق بن. ڕاستە، دایکی دڵڕەقیش زۆر هەن و هەر کام لەو ژنە دڵڕەقانە خۆیان زوڵمیان لێ کراوە، بەس دیسان گرفت هەر ئەوە نییە. گرفت بۆ وێنە ئەوەشە کە دەگوترێ: "نەک وەک حەڵێم کە منداڵی نابێ"، واتە منداڵ نەبوون وەک کەمایەسی بۆ ژن دەبیندرێ. یا ئەوە کە سەربردەی فاتێ و کاویس بە خاتری شەرئەنگێزی ئامینە شەلە. ژنەکانی ناو ڕۆمانەکە یان بێدەسەڵاتن وەک فاتێ و یان دڵڕق و شەڕن وەک دایکی کەریم و ئامین. چەند ژنێک کە بە خێر ناویان دێ، نازێ و بووک هەنار، لە ڕاستیدا بێدەسەڵاتن و تەنیا دەسەڵاتیان مێهرەبانی و جوانییە، گەرچی ئەم دوو تایبەتمەندییە لەخۆیاندا کەم نین. ڕاستە ئەو کارەکتەرانە لەناو کۆمەڵگادا هەن، بەڵام دڵرەقی و دووڕوویی هێندێک لە ژنەکانی ناو ڕۆمانەکە لە هەمبەر پیاوەکاندا چەند قاتە. هەڵبەت لە پیاوەکانیشدا باش و خراپ هەیە: ئاغای قاف و براکانی فاتێ کە هێمای دڵڕەقین و لە بەرامبەردا کاویس و سۆفی حەسەن کە ئینسانی جوان و مێهرەبانن.
خودی نووسەریش عەوداڵی ئەشقە و بە دوای ساتێک حەسانەوە دا دەگەڕێ. حەساوە بێ کاکی نووسەر و بە هیوای بەرهەمی دیکە.

*ئەم نووسینەم بە هۆی ئەوە کە ڕۆمانەکەم تەنیا چەند ڕۆژ بە ئەمانەت وەرگرت و خوێندەوە و دواتر کتێبەکەم لەلا نەبوو یادداشتێکی سادەیە. بەڵام پێم باش بوو کە ئەم ئەزموونە لەگەڵ بێ.

و خۆشـــم دەوێ، هاوکات ڕوانگەیەکی جیاوازی پیاوی ڕووناکبیری کوردە لە سەر سێکسوالیتی ژن.

سوارە لە شێعری *تۆ دەریامی* دا هەرچەند تا ئەو پەڕی کەوشـەنەکان جوانی شـــینی چاوی ژنێک کە لە دەریا دەچن دێنێتە بەر باس، بەڵام ئارامی و کەناری ئەو دەریایە نابێتە هۆی ئەوە کە ژن تەنیا بە جەســـتە بناســـێنێ. لەو شـــوێنە کە زۆربەی شاعیران لە جەستەی ژن دا قەتیس دەمێننەوە، سوارە لە *تۆ دەریامی* دا دیالۆگێک لە نێوان کوڕ و کچێکی ئاشقدا سازدەکا. لەو دیالۆگەدا ژن لە مەعشوق و جەســـتەیەکی ڕووت تێپەڕ دەبێ و وەک ڕووناکبیرێک لەناو دەقدا حزووری هەیە.

شـینی و ئارامی چاوەکان، شـەپۆلی لەنجەولار، تووڕەیی جاربەجاری دەزگیران، وا لە کوڕ ناکەن کە لەوپەڕی کەوشەنی جەستەیەکی خاوێن و ئەو پەڕی دەشتی نادیار، "بیر و هەستی کوردانە"ی ژن لەبیر بچێتەوە. ژنی ڕوح سووکی وەکی خەون، وەکی هەناسـە، وەکی تاسـەیەک بۆ شـێعر، تەنیا سـەراب و تراویلکە نییە بۆ ڕێبواری تینو/پیاو. ژن تەنیا شـــۆڕەبییەک نییە بۆ حەســـانەوی شـــاعیر لە شـــــــــۆرەکـــــــــاتـــــــــێـــــــــکـــــــــی گەرمـــــــــــدا.

گەرچی شـاعیر مەعشـوقەکەی "لەبەر نیگای ئەویندارا خۆ داپۆشـیو" دەبینێ و دەکرێ لێرەدا دەرگای باسـێکی دوور و درێژتر بکەینەوە، بەڵام لە کاتی باس و گلەیی لەگەڵ کچ، داوای لێدەکا ئەو دەریـایە برینەکـانی نەکولێنێتەوە. هـاوکـات شـاعیر ئەوەی وەبیرە کە ژنیش وەک ئەو "بیر" لە نیشتمان دەکاتەوە. شـاعیر کە شـــاهیدی ئەوەیە دڵی دایکان، داری چاکان و پێشـــمەرگە بە بۆمب هەڵدەقرچن، داوا دەکـا کە دەزگیرانەکەی نەگری و بەردەوام بێ لە گفت و گۆ و پێی نەڵێ "بەسە ئەم گفتوگۆیە".

لە بەردەوامی دیـالۆگەکەدا لە زمـان کچ دەبیســـین کە دەزگیران/کچـان وەکی کوڕان و پیاوان لە خەمی نیشـــتمان دان و "بیر" لە نیشـــتمان دەکەنەوە و تەنیا پێوەندییەکی هەســـتی و جەســـتەییان بۆ گرینـگ نییە. ئەوانیش وەکی پیـاوانی ڕووناکبیر گەرچی "تازەماسـی تاسـەباری دەسـتی تینووی" خۆشـەویسـتەکەیان دەبینن، بەڵام وەک هەر کوردێک سـینەیان لە دەســتی داگیرکەران و لە خەمی

نیشتمان وەک جەحەنەم بڵێسە دەدا. بۆیە کچەکە بە گلەیی ڕوو بە خۆشەویستەکەی دەڵێ:
تۆ پێتوایە
من نازانم
سکاڵای دڵداری خۆشە
بەڵام من بەشێکی کوردستانم
گێژی سەدبرا کوژراوی نیشتمانم
تازەماسی تاسەباری دەستی تینووت
ڕێی نییە بۆ دەریای سینەم
هێندی خوا خۆشەویستی
بەڵام من کیژێکی کوردم
جەهەننەمە گڕی سینەم.
ناو و دەنگی سوارەی نەمر هەر تێکەڵاوی ڕووناکی شێعر بێ.

١٣ی ژانویەی٢٠١٧

*ئەم یادداشتە کورتە لە یادی سوارەی مەزن دا، بە پەلە و بە چەند کاتژمێرێک نووسرا. ڕەنگە ڕۆژێک لە ڕۆژان زیاتری لەسەری بنووسرێ بەڵام با وەک ئەزموونێک لەم کتێبەدا هەبێ.

*مەزرای ئاژەڵان*

نووسەر: جۆرج ئۆروەڵ
وەرگێڕ: کەریم دانشیار



ئارتەقا، ئاونەدەڵێن، ئەنگران، بنەتوو، بە پای فیلان، بەن پرچ، تاشت، تەپرەش، تەفەقۆ، جامباز، چازان، چلوورە، چەپەر، چەق و تەف، حاند، خوناوژە، ڕەواق، سیفک، شەقڵ نەشکاو، قازاخ، کووز کووز، ئەوانە تەنیا مشتی لە وشە و هەمبانەی زمانی پاراوی وەرگێڕی *مەزرای ئاژەڵانە*.

مامۆستا کەریم دانشیار ساتیرەڕۆمانی *مەزرای ئاژەڵان-ی* ساڵی ۱۹۸٥ وەرگێڕاوەتە سەر کوردی بەڵان ئەو کتێبە ۲۰۱٦ چاپ کراوە. ڕەنگە ئەگەر جۆرج ئۆروەڵ کورد با و *مەزرای ئاژەڵان-ی* نووسیبا هەر ئەوەندە زەبری بەسەر زمان و جۆری دەربڕین دا شکابا کە مامۆستا کەریم دانشیار.

جۆرج ئۆروەڵ *مەزرای ئاژەڵان-ی* ساڵی ۱۹٤٥ لە دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی سەردەم نووسی. *مەزرای ئاژەڵان* لە ڕێگای تمثیل/ Allegory/ ئالێگۆری هەڵگری پەیامێکی گرینگی سیاسی- کۆمەلایەتییە. ئالێگۆری دەربڕینێکی هونەرییە کە تێیدا پەیام بە مێتافۆر دەردەبڕدرێ. بۆیە هەر

وردەکارییەکی ڕۆمانی *مەزرای ئاژەڵان* پەیامێکی شاراوەی لەخۆیدا هەڵگرتووە، واتە شتێک بە جێگای شتێکی دیکە قسەدەکا.
*مەزرای ئاژەڵان* سەربردەی شۆڕشی ئاژەڵانی ژێردەستەی مەزرای ئاغای جۆنزە کە خۆیان لە ژێردەستەیی نەجات دەدەن بەڵان لە ڕەوتێکدا دیسان دیکتاتۆری، ئینجا لەلایەن شۆڕشگێرانی پێشوو باڵ بەسەر مەزرا دا دەگرێ و دەست بە ڕاونان و کوشتنی یارانی پێشوو و نەیاری ئێستا دەکرێ. ئۆروەل خۆی گوتوویەتی کە *مەزرای ئاژەڵان* دژ بە تاوانەکان و دیکتاتۆری ئیستالین نووسراوە. بەڵان گرینی *مەزرای ئاژەڵان* ئەوەیە کە ئێستا لە ٢٠١٧دا زیاتر لە هەمیشە دەبینین کە چۆن بەرازەکانی سەردەم لە خومێنی و خامنەایی را بگرە هەتا ئەسەد و ئەردوغان و پوتین، سەربردەی مەزراکان، بە یارمەتی کەمتیارەکانی تایبەتی خۆیان، بەدەستەوە دەگرن و خەڵک بە بیانووی جۆراوجۆر دەکوژن. *مەزرای ئاژەڵان* پێمان دەڵێ کە شەرت نییە هەر شۆڕشێک بگاتە داد و یەکسانی، و بەناو شۆڕشگێرانیش دەتوانن کارگای زوڵم و تێرۆر لەسەر ڕەوڕەوەی دیکتاتۆری پێشوو بسووڕێننەوە.
*مەزرای ئاژەڵان* وەرگێڕداوەتە سەر زۆر زمانی دنیا، لەوان کوردی. وەرگێڕانەکەی دانشیار وەها خۆماڵییە و وەرگێڕ وەها زمانی گازەندەی ڕەخنەگرانەی ئۆروەل-ی کورداندوە و وەها ڕوحی ناو دەقی گواستۆتەوە کە لە کاتی خوێندنەوەدا بە دیتنی دەربڕینەکان و هەمبانەی وشەی وەرگێڕ سێحر دەتگرێ. با مشت نموونەی خەروار بێ:
"پیرەمایۆر سنگ و گەروی بۆ خوێندنەوەی سرودەکە خۆش کرد و دەستی پێکرد. هەر ئەوجۆرەی کە خۆی گوتبوی، دەنگی نەرم و کپ کەوتوو بوو، بەڵام زۆر باش و بەڕێ و جێی بەڕێوە برد. هەوای سروودەکە دەنەدەر و بزوێن بوو؛ هەوایەک بوو لە دوو ئاهەنگی 'کلەمانتاین' و 'لاکوکوچا' مایەی وەرگرتبوو." (ل.١١)
[...]
"بەڵام هەر لە سەرەتای کارەوە بە ئاشکرا دیار بوو کە ئەم دووە یەک نین و ناتوانن لە ژێر خێوەتی ئاسمانێکدا پێکەوە حوکمڕانی بکەن. هەر پێشنیارێک لە هەر لایەک بدرابایە، بێشک لە لای ئەوی ترەوە بەرپەرچ دەدرایەوە. تەنانەت ئینکەبەری و ڕق بە ڕقەی ئەوان، زۆر جاران چەتی دەهاویشتە سەر ڕێگای گەلێک ئیش و کاری گرنگی مەزرا و، کارەکەیان باش نە دەڕۆییشت. هەروەها کاردانەوەی ژەهراویی ئەم

کومپوت و گوتی من پوڵی ئەوەم نییە کورەکەم بنێرمەوە بۆکان کوا پوڵی شــــکایەت و شــکایەتکاریم هەیە. دەنگی باوکم دەلەرزی. پاشــان ڕۆیشــتە ژووری. کومپوت هەروا راوەستا بوو و چاوی لە ئەرزەکە دەکرد."

کۆدەکان:

ژنی کومپوت خروخۆڵە،

تا ژنی کومپوت نەهاتبوو کورەخانە کەس حیسابی بۆ کومپوت نەدەکرد،

ڕۆژی جومعەیە و ماڵە کومپوت خەریکی کارن،

لە کاتی شەڕ ژنەکە وێڕای کومپوت دێ،

خەڵک دەڵێن کە ئیرەجە سوور بەدەوربەری ژنەدا دێ.

لە دەقی *ئەوبەری فەنەردا* جیا لەوە خودی ڕەوایەتەکە کورتە، تەنیا بەم چەند ڕســـتەیە ژن دێتە ناو دەق. تەنانەت ژنێکی دیکە (دایکی منداڵەکە) لە هیچ کوێ باســـی نەکراوە و بە "نادیاری" خۆی حزووری لە دەقدا هەیە. ژنی ناو دەقی مەبەســـتمان ژنێکی خڕوخۆڵ و بەرچاوە. ژنێک کە کەســـایەتی دەداتە مێردە ڕووناکبیرەکەی و دوای هاتنی خەڵک ڕێز لە مێردەکەی دەگرن. جگە لەوە ئەو ژنە لە کوردستانەوە هاتۆتە عەجەمستان/تاراوگە، بەدوای پیاوێک دا کە چالاکی ســـیاســـی بووە و ئێســـتا لەکار دەرکراوە. ئەو ژنە ئەگەر هەســـتی بۆ منداڵ و مێردەکەی نەبا دەیتوانی تەڵاق وەربگرێ، بەڵام ئەو گەیشـتۆتە کورەخانەیەک لە بیابانێک و بە ڕۆژی جومعە بەجێی حەسـانەوە خەریکی خشـتبڕینە. حەقیقەت ئەوەیە کە ئەوە خەڵکن قسـەی بۆ هەڵدەبەسـتن، ئەو هیچ کەین و بەینێکی لەگەڵ ئیرەجە سـووری سـەرمایەدار نییە. ئەوە پیاوەکانن کە بێدەنگن و لە مافی ڕەوای خۆیان پاشگەز دەبنەوە. بابەکە لەبەر هەژاری تاقەت و توانایی بە یاسایی کردنی کێشەی خۆی نییە. ئەوە کومپوتی ڕووناکبیرە کە دەیهەوێ لە ڕێگای قانع کردنی بابی منداڵەکە بۆ شـکایەت لە ئیرەج بە خواسـتی خۆی/ڕێبەری چینی کرێکار و

مافی ئەوان بگا، بەڵام بابەکە گوێی لێ ناگرێ و کومپوت بیردەکاتەوە و چاو لە ئەرز دەبڕێ.
لەڕاستیدا ژنی کومپوت ئەگەر هەستێکی بۆ ئیرەج هەبا، دەیتوانی سامان و ژیانی خۆش لەلای پیاوێکی ساماندار هەڵبژێرێ، بەڵام ئەم ژنە خڕوخۆڵە ئێستا لە چەقەی گرما و بە ڕۆژی جومعە خەریکی خشتبڕینە.
خڕوخۆڵی ژنی ناو دەق ئاماژەیە بە سامانێک کە هەر سەرمایەدار و داگیرکەرێک چاوی تەماحی تێ دەبڕێ. ئەگەر لێرەدا ژن وەک نیشتمان ناوزەد بکرێ، ئەوە نیشتمانی کوردان بە پیت و سامانە. بەڵام من بە ڕوانگەیەکی جێندێری پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە کاتی ئەوە هاتووە ژن بەخاک نەشوبهێندرێ. خاکێک کە بەردەوام شەڕی لەسەرە ژن نییە و ژنیش خاک نییە. خاک هەم هی ژنە و هەم هی پیاو.
کەچی ناکرێ ئەم حەقیقەتە لەبەر چاو نەگرین کە داگیرکەر/سەرمایەدار بۆ شکاندنی پیاوی بەرامبەر/پیاوی کورد دەیهەوێ زەفەر بە ژنەکەی بەرێ تا بە قەولی خۆی کەرامەتیان تێک بشکێنێ. داگیرکەر بە ڕوانگەی پیاوسالارانە و دەسەڵاتی داگیرکارانەی خۆی دەزانێ پیاوی بەرامبەری، وەک خۆی و زۆربەی پیاوان، ژن بە "شەرەف"ی خۆی دەبینێ و دەیهەوێ لەڕێگای دەستبردن بۆ ژنەکەی ئەو بشێوێنێ. ئەگەر ژن وەک نیشتمان دەبیندرێ، نیشتمان بەشێکە لە "هویت"ی ئینسانی هەموومان و نیشتمان هی ژنیشە. ژن نیوەکەی دیکە و تەواوکەری جەستەی ئینسانییە. ژن مڵک و شەرەفی پیاو نییە. ئەوەش دەزانین کە سەرمایەدار هەمیشە نەک هەر چاوی لەکاری ئینسانەکان بڕیوە کە بگرە دەیهەوێ جەستەشیان وەدەست بێنێ.
ژنی ناو دەقی *ئەوبەری فەنەر* وەک هەزاران ژنی زەحمەتکێش پێ بە پێی مێردەکەی کاردەکا. ئەو چەند قات ماندوو دەبێ، کاتێک هەر دوو لە خشتبڕین تەواو دەبن ئینجا بۆ ئەو کاری ماڵ دەست پێ دەکا. ئەو ژنە دەتوانێ نوێنەری هەموو ئەو دایکانە بێ کە لە کورەخانە، هوتێل، ماڵان و کارگاکان کاردەکەن.

ئەو ژنە دەتوانێ وەکیلی هەموو ئەو ژنانە بێ کە مێردەکانیان سیاسین و بە منداڵەوە لە دۆخی دژواردا جێ دەهێشترێن. ئەو ژنە دەتوانێ تەنانەت وێنەی ئەو ژنانە بێ کە بۆ گۆڕانی دۆخ شان لە شانی پیاوان دەدەن و کاردەکەن. کەچی ئەو ژنانە قسەیان وەدوو دەخرێت. ئەو کۆمەڵگایە، بەتایبەت لەناو چینی زەحمەتکێشدا، زۆر زوو منداڵی کوڕ لەگەڵ کێشەکانی جنسییەتی ئاشنا دەکا و حاڵیدەکا کە ئەوە فلانە پیاو چاوی لەسەر فلانە ژنە. ئێمە لە هیچ کوێی دەقی *ئەوبەری فەنەر*دا چاوچاوێنی ژنی کومپوت نابینین، جگە لە قسەی ڕاوی کە منداڵێکە کە کۆمەڵگا دەتوانێ کاریگەری زۆری لەسەر قسەکانی بێ. خۆ ئەگەر شتێکی وا هەبێ، دەبێ بپرسین چۆنە ئەو ژنە لەگەڵ کومپوت بە ڕۆژی جومعە و لە گەرمای بیاباندا خەریکی خشتبڕینە؟

بەڵام جێی دڵخۆشییە کە کومپوتی ڕووناکبیر خاڵێکی پۆزێتیڤی هەیە: ئەو هێشتا گوێ نەداوەتە قسەی دەوروپشت و بگرە ژنەکە بۆتە هۆی ڕێزی زیاتر بۆ کومپوت. ئەوکاتە کە باب و ئیرەج دەست بە شەڕدەکەن کومپوت و ژنەکەی وێکڕا دێنە شوێنەکە.

لەم دەقدا دایکی منداڵەکەش نادیارە. ئایا خەریکی نان و چێشت و خاوێن کردنەوەیماڵە؟ ڕەنگە. بەڵام ئەو نادیارییە لە دەقدا نادیارییەکی مێژووییە. ژنی کورد هەمیشە لە پەراوێزدا، لە نادیاریدا حزووری هەیە. ژن یا نادیارە یا ئۆبژەیەکی جنسییە، تەنانەت بۆ منداڵێکی دە- دوازدە ساڵان. بەڵام دەکرێ نادیاری دایکی منداڵەکە ئەو خوێندنەوەیەی بۆ بکرێ کە "دایکی نەدیار" هەمان داهاتوویە کە منداڵ بەدوایدا وێڵە. منداڵەکە بەرەو قەتار/مێژوو/داهاتوو دەڕوا، کەچی هەمان پرسیاری پێشوو جایزە کە ئایا منی کورد دەبێ دەست بۆ قەتارێک تەکان بدەم کە لە عەجەمستانەوە دێ و نازانین بەرەو کوێ دەڕوا؟ ئایا ئەوە هەمان قەتار نییە کە جاری پێشوو لێی دابەزیوین و بەشمان لەو مێژوویە بندەستی و خشتبڕین بۆ کۆشکی بێگانان بووە؟ ئایا منداڵەکە دوای بایبای سواری قەتار دەبێ و دەگەڕێتەوە بۆکان و سەربردەیەکی تازە لەدوای ئیمتحان

بۆ خۆی تۆماردەکا؟ ئایا سەرنووشتی ئێمەی کورد بۆ هەمیشە بە قەتار و مێژووی جیران و داگیرکەرانەوە بەستراوەتەوە یا باوەڕبەخۆبوون و بەدواداچوون دەتوانێ بەش و چارەنووسی ئێمە لە داهاتوو و مێژوودا بگۆڕێ؟ ئەو بەدواداچوونەی کومپوت باسی دەکا بەڵام کافی نییە.

ئەوەی کە هەیە هەموومان لە ژێردەستەیی ماندوو بووین، بەڵام بابەکان تاقەتی بەدواداچوونی کێشەکانیان نەماوە و ڕووناکبیران بەجێگای بڵندفڕین چاویان لە ئەرز بڕیوە. ئەوەی ماوەتەوە منداڵێکە کە دەستی بۆ قەتاری داهاتوویەک کە نازانین بەرەو کۆ دەڕوا، تەکان دەدا. نووسەری *ئەوبەری فەنەر* وەڵامدانەوە بەوە کە چ لەو قەتارە بکەین و چۆن لە ژێردەستەیی نەجاتمان بێ بە ئاواڵەیی بۆ خوێنەر جێدەهێڵێ.

ستۆکهۆڵم، ١٢ی فوریەی ٢٠١٨

بەرەو خاوەن بوونی وڵات، لە مەرگەوە بەرەو ئەبەدییەت، لە ئەسیری بەرەو ڕەهایی و لە بێنیشانەیی بەرەو کۆد و نیشانە و وشە.
بەمجۆرە گەشاوەترین ئەستێرە لە گەردوونی شێعری ڕامان سۆفی سوڵتانی دا لەدایک دەبێ، بەناوی *من نامهەوێ بێ وڵات بمرم* و لە ئێستێتیکی دەقێکی مێژوویی- هەستی دا شێعرێک/وڵاتێک لەدایک دەبێ بۆ ژیان و بۆ مردن:

نامهەوێ
غەریبانە
بژیم
لە سەمای
گەڵایەکی وەرویدا
دەدۆزمەوە
نیشتمانێک
بۆ ژیان!
من نامهەوێ
بێ وڵات بمرم
لە
پێکەنینێکی منداڵانەتدا
دەدۆزمەوە
نیشتمانێک
بۆ مردن!

ستۆکهۆڵم، ١٧ی فوریەی ٢٠١٨